# گۆڤاری تـــیـــن

تین ......ئەو چرکە ساتەی گەورەترین کاریگەری هەیە)

زخم Momentum

زستانی ٢٠٢٢

ژمارە ٢

## خاوەن ئیمتیاز:

د. محەمەد شوانی

## سەرنووسەر:

دڵدار عومەر

## دەستەی نووسەران:

م. عەبدولڕەحیم حەسەن

م. هاوڕێ حەمەدامین

م. سازان غازی

م. نەهرۆ حەسەن میرزا

م. ڕێدار فاتح



سەرووتار...٣

تەوەری یەکەم:

گەشەپێدانی خود و کۆمەڵناسی....٤

تەوەری دووەم

هونەر و ئەدەب...٢٤

تەوەری سێیەم:

زمانەوانی :٢٩

تەوەری چوارەم:

مێژوو و فەلسەفە.......٣٥



بۆ پەیوەندیکردن:

govariteen@gmail.com

# گەشەپێدانی خود و کۆمەڵناسی

# ژیان ئەزمونە

هاوڕێ حەمەدەمین

مرۆڤ بە دانیشتن و دەست نەبردن بۆ هیچ کارێك بە ئامانجەکانی ناگات و پێشناکەوێت، ژیان بریتیە لە جولە و چالاکی ، هەموو جوڵەو چالاکیەکیش لە سەرەتادا ئەزمونن بۆ مرۆڤ ، هەموو ئەزمونێکیش لە سەرەتادا سەخت و ئازار بەخشە..

مرۆڤ لە ئازارو سەختی ئەزمونەکانەوە پێ دەگات، تەمەن هەمووی تاریکی و خەم و ئازار نیە ، ڕەنگە لە ئەزمونی خۆشەویستیدا سەرکەوتو نەبووبین ،ئەوەی گۆتمان بێ تۆ ناژین

بەجێهێشتین و ژیایین، هە ندێك ئەزمونی تاڵ برینی قولیان لە جەستەماندا بەجێهێشت بەڵام ساڕێژ بوون ، هیواو ئومێدی دیکەمان لا دروست بوو ، ڕێگامان گرتەوە و سەرەتایەکمان دەست پێکردەوە .

هەورازو نشێویەکانی ژیان نەبوونە مایەی کۆڵدان و بێ هیوابوون، گریان و ڕۆژە تاریکەکان بوونە وزە ، لە ئەزمونی شکستەکانەوە فێربووین ، بە هێزو گوڕ و تێنێکی زیاترەوە هەنگاومان نا شەکەت نەبووین ، ئارەقمان ڕشت ماندوو نەبووین ، ئازارمان کێشا و ورەمان بەرنەدا ، لە هەندێك چرکە ساتدا زۆر کەس دەیانگوت هەر ناگەیت ، بەڵام گەیشتین .

ژیان پڕە لە بریندداربوون ، گریان ، پێکەنین ، چاوەڕوانێ ، سەختی ، شکست و کەوتن و هەستانەوە ،

گەیشتن ، هەموو ئەمانە دەستپێك و کۆتاییان هەیە و دەبنە ئەزمون ..

دەی ئێستا با تێبگەین ناخۆشی و ئازارەکانمان کاتین دلنیابە، مرۆڤ هیچ کاتێک تەواوی تەمەنی دلخۆشی نابێت و بە گول ڕێگاکانی ژیانی گولڕێژ ناکرێ هەمیشە مەینەت و ناخۆشی دێنە سەر ڕێگاکانمان و بەرەو ساردبوونەوە دەمان بات بەلام مرۆڤی گەورە و پڕ هێز هەرگیز بەجارێک کەوتن و بەجارێک نەخۆشی و بەجارێک زەرەرو دۆران ناکەوێت چونکە مادام دەستەکانی هێزیان تیایە و قاچەکانی بەڕێگادا دەڕۆن دەتوانێت ئەم بارودۆخە پێچەوانە بکاتەوە ، مرۆڤی گەورە پلان دادەڕێژێت و ڕەنگە سەدان هۆکار بێتە پێش بۆ لە نێوچونی خەون و ئامانجەکانی بەلام وەک چیایەک دەبێت چۆن چیا بەرگەی هەموو بروسک و لافاوێک و سەرماو گەرما دەگرێت ئەم مرۆڤەش بەهەمان شێوە بەرگەی هەموو ناخۆشیەک دەگرێت ، بۆیە لە کۆتاییدا بە ئامانجەکانی دەگات ...

# خۆناسیین سەرتایەك بۆ گۆڕانكاری:

ئاماج ئەنووەر

یەكێ لەو بابەتە گرنگانەی كە بەردەوام باس و خواسی لەبارەوە دەكرێت وەكو وتراوە بابەتی كۆنی نوێن بابەتی " گۆڕانكاری " یە . چ لەسەر ئاستی تاكەكانی كۆمەڵگا بەگشتی یاخود لە دەزگا و ناوەندی توێژینەوە مەعریفی زانستییەكاندا .

لێرەدا ئەوەی مەبەستە باسی خواسی لەبارەوە بكەین وەكو سەرەتایەك و

خاڵێكی وەچەرخان بۆ گۆڕانكاری بریتییە لە " خۆناسیین " .

دیارە چەمك و بابەتی خۆناسیین گرنگی و بایەخی تایبەتی پێدەدرێت بەتایبەت لە ناوەندەكان و بابەتەكانی گەشەپێدانی مرۆیی . كە بە خاڵی وەچەرخانی دەزانن لە سەرەتای ئەنجامدانی هەر گۆڕانكارییەك . چونكە دواجار بۆ هەر مرۆڤێك هەر تاكێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا هەوڵ ناسینی توانست و تواناكانی خۆی بدات لەگەڵ ئەوەی مەحاڵە بتوانێت بە ئاسانی بیانناسێت بەڵام سەیر لەوە دایە هەوڵی ناسینی نەدات ئامانجی گۆڕانكاریشی بێت ئەوە زانایەكی وەكو ئیمامی " غەزالی " لە

گرنگی خۆناسین دەڵێ " خۆناسین پێشەکی خودا ناسینە " بۆیە خۆناسین باوڕ بوونە بەو توانا شاراوانەی لە ناخی هەریەك لە ئێمەدا شاراوەیە کە شایەن بە بەکارهێنان .

بۆیە کاتێك هەوڵ بۆ گۆڕانکاری دیاردەو بابەتێك دەدەین سەرەتا دەبێت لە خۆماندا بەرجەستە بێت دواجار عەقڵ و زانست سەرەتا دەبێت ناخی خۆمان ڕوون بکاتەوە تا ئەوکەسانەی لە تاریکی نەزانی دان ئێمە هەوڵی گۆڕانکاریان بۆ دەدەین بمانبینن . لێرە زۆرجار ئەم وتەیە دەکەوێتە بەرگوێمان لەکاتێك دا ئەو کەسانەی بەردەوام خەریکی ڕەخنەگرتنن لە دەوروبەر بەردەوام وتاری باسوخواسەکانیان باسی گۆڕانکارییە بەڵام زۆرێك لەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی ئەنجامی دەدەن پێچەوانەی وتەکانییان دێتەوە بۆیە وەکو دەڵێن " مێش لە چاوی خەڵکا ئەبینێت گا لە چاوی خۆیا نابینێت " بۆیە کاتێک

هەوڵی دروستکرنی گۆڕانکاری لەدەوروبەردا دەدەیت کاتێك لە خۆتا بەرجەستە نەبوو نابێت چاوەڕێی گۆڕانکاری لەدەوروبەردا هەبێت بۆیە لە کۆتاییدا خۆناسین واتا ناسین و دیاری کردنی ئامانجەکانت کاتێك ئامانجەکات لێوە ڕوون بوو لێرەوە قۆناغەکانی گۆڕانکاری دەست پێدەکات بۆیە خۆناسینمان با ببێت بەسەرەتای گۆڕانکاری .

# ئامانج و کۆڵنەدان لە ژیانی مرۆڤدا :

دڵدار عمر

ژیان تێکۆشانە ، ئامانجی گەورە ماندووبون و قوربانی گەورەی دەوێت ، هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن ژیان بریتیە لە ململانێ ، خەبات بۆ مانەوە ، شەر لەگەڵ سروشت و دەوروبەرو سەختیەکانی ژیان ، مانەوەو گەشەکردن و پیشکەوتن و گۆرانکاری بریتین لە ئامانج ..

ئامانجەکانی مرۆڤ جۆراوجۆرو جیاوازو هەمەچەشنن، چونکە کایەکانی ژیانی مرۆڤ جیاوازن، بۆ نمونە هەریەک لە ئێمە کۆمەڵێك ئامانجی گەورەو بچوك ، کاتی و رۆژانەو دوورمەودا، تاکە کەسی و کۆمەڵگەیی ، مەعنەوی و مادی، کارویپشەیی و پەروەردەیی و تەندروستی و هتد مان هەیە، لە ژیانی خۆماندا بە پێی تواناو ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتن و ئەو کەرەستانەی لە بەردەستمانن بەرنامە رێژی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەکەین.

هۆکاری گەشبینی و تاموچێژی ژیان ئامانجە، ئەوەی ژیانی مرۆڤ ئاسودە دەکات و مانایەك بە ژیان دەبەخشێت ئامانجەکانن، بۆیە زۆر گرنگە ئامانجەکانمان گەورەو روون و دیاریکراو بن لە ژیان ، بتوانین میکانیزم و کەرەستەی گونجاو و کات و وزەو توانای پێویستیان بۆ فەراهەم بکەین و بە پێی نەخشەو بەرنامەی زانستی کاریان بۆ بکەین ..

دەتوانین تا رادەیەك ئامانجەکانی مرۆڤ بۆ (سێ) جۆر پۆلێن بکەین:

یەکەم: ئامانجی سادە: ئەم جۆرە ئامانجە بەربڵاوترین ئامانجە، پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەوە وەکو کریکارێك کە دەچێت بۆ کار بە ئامانجی ئەوەی کارێکی دەست کەوێت و پێویستیەکانی خێزانەکەی پڕ کاتەوە ، ئامانجی دوور مەودا و ئاستی بەرزتری ژیانی کۆمەڵگای نیە هەوڵێکیش نادات ژیانی خۆی بگۆڕێت.

دووەم: ئامانجی مامناوەند: ئەم جۆرە ئامانجە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەیەوێ ئامانجە سادەکانی ژیانی خۆی لە ژیانی مناڵەکانیدا بگۆڕێت ، روانگەی بۆ ئایندە جیاوازە، کار دەکات بۆ ئاستێکی بەرزتری ژیانی مناڵەکانی ، ئەمیش لە چوراچێوەو سنوری خێزاتدا تێناپەڕێت ..

سێیەم: ئامانجی گەورە (مەزن): ئەم جۆرە ئامانجە گەورەیی مرۆڤ دەردەخات ،بیر لە گۆانکاری گەورەو داهێنان و دۆزینەوەی زانستی و ژیانی کۆمەڵگا دەکاتەوە ، تا رادەیەکی زۆر ژیانی تاکە کەسی خۆی و خێزان و بازنە بچوکەکانی دەوروبەری لە بیر کردووە ، ئامانجە گەورەکان هەمیشە مرۆڤی بە جورئەتی دەوێت و پێویستی بە قوربانی دانی زۆر شت هەیە کە دەبێت بیاندەین تاوەکو بگەین بەو ئامانجە ، بە هەزاران شەهید ئامانجیان بڵاو کردنەوەی ئاینێك یان بیروباوەڕیك یان سەلماندنی بیرۆکەیەك یان رزگاری گەل و نیشتمان و نەتەوەیەك بوو، لە پێناو ئامانجەکانیاندا گیانیان بەخشی و لە دووای خۆیان ئامانجەکانیان هاتەدی و هەمیشە مرۆڤایەتی شانازیان پێوە دەکات ..

(ئەدیسۆن) زیاتر لە "نۆسەد" رێگای تاقیکردەوە بۆ دروستکردنی گڵۆپ، لە کۆتاییدا ئەو خزمەتە گەورەیەی بە مرۆڤایەتی کرد و رێرەوی مێژووی گۆری ..

## خود پەیوەندی بە کۆمەڵگا

ڤێراس مزوری

چارلس هۆرتن کولی (١٨٦٤-١٩٢٩) لە یەکێک لە ووتە بە ناوبانگەکانی "خود و کۆمەڵگا" وەک دووانەیەک کە پێکەوە لە دایک بووبن دەناسێنێت. ئەمەش دەربڕینە لەو ڕاستییەی کە پەیوەندی نێوان خود و کۆمەڵگا، چوارچێوەی سەرەکی نووسین و بیرکردنەوەکانی کولی پێک دەهێنن. باسکردنی ئەم پەیوەندییەش بە زیادەیەکی گەورە بۆ سەر دەروونزانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی لە قەڵەم دەدرێت. کولی پێی وابوو بابەتە پێک هێنەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بریتین لە هەمان ئەو شتانەی کە هۆش و خود دروستیان کردووە.

خود و کۆمەڵگا هەرگیز دوو دیاردەی لێک جیا نین، بەڵکو بە شێوەیەکی تەواو پێکەوە گرێدراون و بە مانایەکی تر دوو ڕووی هەمان دراون. خودی هەر کەسێک لە ئەنجامی پەیوەندییەکەی بەوانی ترەوە گەشە دەسەنێت. بنەڕەتی کۆمەڵاتی کەسێک دەرئەنجامی ئەو ڕێگایەیە کە پەیوەندییەکانی لە گەڵ کەسانی تر لە خۆ دەگرێت. بە بڕوای کولی، خود لەسەرەتادا تاک نیە و دواتر ببێت بە کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە ئەنجامی کارلێک کردنەوە سەرهەڵدەدات. شتێک بە ناوی خودە پەراوێز خراوەکان بوونی نیە، بە واتایەکی تر، شتێک بە ناوی من بە بێ گەڕانەوە بۆ تۆ یان ئەو یان ئەوان بوونی نیە. خود بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کارلێکی ئاڵوگۆڕ لە هۆشیاری کەسەکە ڕەنگ دەداتەوە. خودی ئاوێنەیی یەکێکە لە چەمکە دانراوە هەرە بە ناوبانگەکانی کولی. ئەم خودە پێکهاتەی سێ توخمی سەرەکییە کە ئەوانیش: خەیاڵکردنی چۆنییەتی دەرکەوتنی ئێمە لە لایەن ئەوانی تر، خەیاڵکردنی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەو کەسانە لەسەر دەرکەوتنی ئێمە هەروەها هەندێک جۆر لە هەستی خودی وەک شانازی یان شەرم لە خۆکردن. کولی پێی وایە کە کۆمەڵگا لە

ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە و بریتیە لە پێکەوە کارکردن و بە یەککەیشتنی خودە ئەقڵی و هۆشییەکان. کۆمەڵگا دەبێتە بەشێک لە خۆدی تاک، ئەمەش لە ڕێگای کارلێک و پەیوەندی نێوان ژمارەیەکی زۆری تاکەکان و گرێدانی تاکەکان وەک گشتێک بە یەکەوە.

کۆمەڵناسی کولی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە جۆری کۆمەڵناسی گشتییە، ئەمەش بە واتای دیراسەی کۆمەڵگا لە چوارچێوە گشتییەکەی نەک دیراسەکردنێکی بەشی. بەم پێیەش بێت، پەیوەندییەکی سیستەماتیک لە نێوان هەموو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بوونی هەیە. ئەگەر وەک ئۆرگانێک تەماشای کۆمەڵگا بکەین، ئەوا مەبەستمان ئەوەیە کە کۆمەڵگا بریتییە لە شێوە ئالۆزەکانی پرۆسەکان کە لە کارلێکی بەردەوام لەگەل یەکتردا دەژین و گەشە دەکەن. ئەوا کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی تر دروست دەبێت. بۆیەش، کۆمەڵگایەکی ئایدیاڵ و نموونەیی دەبێت لە جۆری ئۆرگانی گشتی

بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێی تێبگەین. کولی بە هۆی جەختکردنەوە لە سەر گشتگیربوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوا بەرەو شیکردنەوەی کۆبوونەوە مرۆییەکان دەڕوات. ئەو پێی وایە کە ئەم گروپانە بە گروپی سەرەتایی لەقەلەم دەدرێن لە ڕووی گرێدانی مرۆڤ بە کۆمەڵگاکەی و یەکخستنی تاک بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە. بیروبۆچون و سروشتی کۆمەڵایەتی تاکەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بەرفراوان لە ئەنجامی کارلێک کردن و هاوکارییان لە گەڵ یەکتر شێوە دەگرێت. دروست بوونی گروپە سەرەتاییەکان تەنیا لە سەر بنەمای خۆشەویستی و تەبایی نی یە، بەڵکو ئەم گروپانە زیادتر لە یەکەیەکی کێبرکێکارانە دەچن کە مەیل و ئارەزوو خودییەکان لە خۆ دەگرن. لە گرنگترینی ئەو گروپانە یان بە گروپ بوونە سەرەتاییانەش دەکرێت ئاماژە بە: خێزان، گروپی یاریکردنی منداڵان، و هەروەها دراوسێکان بکەین. تاک لە ناو ئەم

گروپانەدا بەرە بەرە و لە پێناو بەرزترین ئاستی بەرژەوەندییەکانی، لە خودە خۆپەرستانەکەی دوور دەکەوێتەوە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە سەر بنەمای خۆشویستن و سۆزداری بە ئەوانی ترەوە گرێ دەدرێت. بەم پێیەش، گروپی سەرەتایی لە سەر بنەمای تەبایی ئەندامەکانی بونیاد نراوە نەک ئالوگۆڕی هەندێک جۆر لە خزمەتگوزاری و سود و قازانج. هەر دوو چەمکی خودی ئاوێنەیی و گروپی سەرەتایی بە شێوەیەکی تەواو پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. لە گروپی سەرەتاییدا، تاکی خۆ پەرست و خۆویست بەرە بەرە لەم تایبەتمەندییە خۆویستانەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بەرەو پێداوستی و حەز و ئارەزووی ئەوانی تر دەڕوات. تاک خۆی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی بونیادنراو لەسەر بنەمای پێدان و وەرگرتن لەگەڵ تاکەکانی تر ڕادەهێنێت. گروپە سەرەتاییەکان هۆکارن بۆ خێراکردنی پرۆسەی دورکەوتنەوە لە خود و پێدانی توانا بۆ تاکەکان تا خۆیان لە شوێنی ئەوانی تر دابنێن. لە نێوان ئەم گروپانەدا کە ژیانی کۆمەڵایەتی و دواتریش سروشتی مرۆیی بەرهەم دێت، و بە بێ بوونی ئەم گروپانە شتێک بە ناوی سروشتی مرۆیی بوونی نیە. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کولی لە سەر بنەمای فراوانکردنی تەبایی مرۆیی بونیادنراوە، بەو پێیەی کە گروپی ئایدیاڵی سەرەتایی لە خێزانەوە بەرەو کۆمەڵگای خۆجێیی، نەتەوە و لە کۆتاییشدا بۆ کۆمەڵگای جیهانی پەرە دەسەنێت. لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین کە کولی تیۆریست زانێکی کۆمەڵگا بوو، بەڵام کۆمەڵگا وەک بەشێک لە خودی تاک. هەروەها بە پێی تێگەیشتنی پارسۆنز بۆ کولی و بە پێچەوانەی دۆرکهایم، کۆمەڵگا بریتیە لە دیاردەیەکی عەقلانی و هۆشی کەوا کەسایەتی تاک بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرێدراوی چۆنییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکەی لە گەل ئەوانی ترە.

## کارەسات و ڕووداو وەک پێویستییەکی دەرونی:

**هاشم عەبدوڵڵا قادر**

لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤی (دۆستۆیڤسکی) کاتێک ئیڤان دەچێتە دادگا وەک شاهێدحاڵێک لەسەر براکەی کە تاوانبارە بە کوشتنی باوکی، سەرەتا لە پێش دادوەر شاهێدی دەدا کە براکەی باوکی نەکوشتووە. پاشان پشت لە دادوەر دەکا دەچێتە بەردەم خەڵک و بە ئامەدبووانی دادگا دەڵێ:

"دەزانم ئێوە هاتوون تا ببینن و چاوەڕێن دڵنیا ببنەوە کە کوڕێک باوکی خۆی کوشتووە. هاتوون تا کارەساتێک ببینن، پێتان ناخۆشە بەڵام ئەوەتان دەوێ، چونکە هەمووتان پێویستتان بە تراژیدیا و کارەساتێکە تا غەمگینی خۆتان وکێشەی ڕۆژانەی خۆتان لەبیر بکەن."

هەر ڕۆژێک کە دەبینم کەتنێک یان کارەساتێک ڕوویداوە و جەماوەر و خەلکی وروژاندووە، قسە و نووسین و هەڵوێستی خەڵک لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینم ئەو بەشەی ڕۆمانەکە (برایانی کارمازۆف) دێتەوە بیرم. مرۆڤی ئەم جیهانە نوێیە ماندوو و غەمگینە. ئەم جیهانە نوێیە کەرستە و ئامرازی زۆری فەراهەم کردووە. سەکۆی میدیایی بەرفراوان هەن و بەردەستن. ئەوەش دەرفەتە بۆ ئەوەی غەمگینی و هەست و ناڕازیبوونی خۆی بەرامبەر ژیان دەربخا بەڵام شتێک کەمە، ڕووداو یان تراژیدیا. دەربڕین و ناڕازاییبوون پێویستی بە بەهانەیەکە بۆ ئەوەی بەستەرێک لە نێوان خود و ئەوانیتر هەبێ دەوروبەر پرسیار لە بێمانایی و بەردەوام مانەوە لە نێو غەمگینی نەکەن. ڕووداوی ڕۆژانە وەک بەهانەیەک بۆ ئەوەی هەست و سۆزی ناخی لەپاڵتدا دەربخا. بە باسکردن و وەسفکرنی تراژیدیای ئەوانی تر خەمی خۆی و هاوخەمی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. جاران ئەو هاوخەمییە لە پرسەکاندا دەرفەت بوو بۆ پێشاندان. لە کاتی پرسەدا کەسانێک کە پەیوەندیی دووریان بە مردووەکە هەبووایە ئەوەی

دەیگریاندن بەبیرهاتنەوە و ئەو کەسانەی لە دەستیان داوە خەمیان نوێ دەبۆوە. ئەم لە نموونەی لاواندنەوە و گریان و بەستەی فۆلکلۆری بەدی دەکرێ کە لە پرسەکاندا دەوترێتەوە. لە ئێستادا لەم ناوچەیە و دەوروبەرمان تاک لە کۆمەڵگایەک دەژی کە دوورە لە بەختەوەری ، و پێویستییەکانی ئاسوودەیی کەمن ، و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی غەمگینی هەیە. ڕاوەستاوی و مانەوە لەو غەمگینیە بێهیوای دەکات. چاوەڕێیە شتێک ڕووبدا. بێهیواییە لە باشبوون، بۆیە چاوەڕێی خراپترە تا ئەو خەمە پەنگ نەخواتەوە. کاتێک بەدواداچوون بۆ کێشیەیەک یان تراژیدیایەک دەکرێ لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە دڵنیا ببنەوە کە هەبێ نەک نەبێ! نمونەیەک لەمە کاتێک هاووڵاتیەک لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەککگرتووەکان( UN )ویستی خۆی بسووتێنێ، میدیاکاران کە لە دەوروبەری بوون لە نائاگاییان بێئومێدیەکیان هەبوو کە خۆی ناسووتێنێ بۆ هەواڵێکی پووچ هاتوون و ڕوونادا. وەلێ کە خۆی سوتاند پێیان ناخۆش بوو، بەڵام لە نائومێدیەکە هاتنەدەر ئەو مەحاڵەی کە نائومێدی کردبوون تووشی شۆکی کردن. شۆکێک کە بەتاڵی کردنەوە لەوەی بەخۆڕایی هاتبن. ئەو خەلك و جەماوەرەش کە ڕاستەوخۆ بینیان غەمبار بوون، بەڵام پێویستییەکی نائاگایی و هەڵچوونیان پڕ بۆوە. لەو بێهیواییە نەجاتیان بوو کە خەمبارببوون و ناڕازیبوونیان دروست نەبێت. ڕەنگە لە خوێندنەوەی ئەم وتارە بڵێی ئەمە لۆجیکی نییە و جەماوەر ئاوا نییە. ڕەنگە ئەم گومانەی خوێنەر ڕاست بێ، بەڵام بە ڕێژەیەک ئەمە ڕاستە گەر نموونەیەکی تر بهێنمەوە. کاتێک لە لایڤێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی هاووڵاتییەک ویستی خۆی بسووتێنێ لە کۆمێنت کەسانێک لە جەماوەرەکەی دەیاننووسی کە "درۆ دەکەیت. خۆت ناسووتێنێ." کۆمێنتی زۆرتر هەبوون کە بۆیان دەنووسی "بوێری ئەوەت نییە و خۆت ناسووتێنی." بەڵام دواجارخۆی سووتاند!

# خوێندنەوەی کتێب وعەقڵێکی باش پەروەردەکراو

**عومەر گردەنازێیی**

گەلە پێشکەوتووەکانی ئێستا لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و هوشیارییەوە کۆمەڵگە تەمبەڵەکانیان بەجێهێشت؛ سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوری و ئایینی و تەندروستیان گۆڕی. ستەمکاریان گۆڕی بە دادپەروەری، هوشیاری تاك جێگەی نەزانی گرتەوە؛ ژیانی خۆیان و نەوەکانی دوای خۆیان باشکرد. شۆڕشە گەورەکان، کەئاراستەی ژیانی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیان گۆڕی لەنێوکتێبەکانەوە دەستی پێکرد. زاناو بیرمەندەکانیان ئەیان وت: هەرمیللەتێك نەخوێندەوارێت بەچاوی داخراوەوە ڕوبەڕوی ئایندە ئەبێتەوە! زاناکان لەڕێگەی کتێبەوە زانیاری و هوشیاری و زانینیان پێشکەش بەتاك و کۆمەڵگە کردو لەمافەکانیان بێداریانکردنەوە. باوەڕیان وابو خوێندنەوە بۆعەقڵ وەك وەرزشوایە بۆجەستە! هەمو ئایینەکان لەڕێگەی پەرتوکەوە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان بێدار کردەووە ئاراستەیان دەکردن. میسرییە کۆنەکان ئەوەندە بەبایەخەوە لە کتێبیان دەڕوانی، لەبەردەم کتێبخانەدا نوسیبویان: (ئێرە پزیشکی عەقڵ و خۆراکی دەرونە!) دەرونزانەکانیش باش دەرکیان بەگرنگی خوێندنەوەکرد، هەرزو ڕایانگەیاند مەعریفە پێویستییە(الحاجە)، نەك ئارەزوا! وەك لەهەرەمەکەی ماسلۆدا هاتووە. یان وەك لەتیۆرەکەی گلایسەردا هاتووە مرۆڤ پێویستی بەهێزە(القوە) مەعریفەش هێزە، کەواتە خوێندنەوە هێزمان پێدەبەخشێت.

میللەتی کورد ئەگەرچی خاوەنی چەندین ئەدیب و شاعیر و نوسەری بەتوانابووە، کەچی لەئێستاداو بەپێی تێبینی من وەك مامۆستایەك لەناوەندی زانکۆ کە بڕیارە ناوەندی مەعریفە و گۆڕانکاری و خوێندنەوەی قوڵبێت، بەڵام نەك جێگای دڵخۆشی نییە، بەڵکو جێگای

نیگەرانییە! پرسە لە فێرخوازێك لەناوەندە ئەکادیمییەکاندا، چەند کتێبت خوێندۆتەوە؟ زۆرینەی وەڵامەکان بەداخەوە یان هیچ! یان چەند دانەیەکی کەم! بەدەگمەنیش ئاشنایەتی و دەست و پەنجەی لەگەڵ خوێندنەوەو نوسینی بیرمەندو کتێبە باشەکاندا نەرمکردووە. ژمارەیەکیشیان تەنها ڕۆمان، کەزیاتر بۆچێژە نەك بۆ خود دۆزینەوەو تێگەیشتن. لەکاتێکدا پێویستە مرۆڤ ئەوکتێبانە بخوێنێتەوە کەتەواوی نەخشەی مەعریفی دەگۆڕێت. میللەتێکیش نەخوێندەواربێت نە بە مێژو ئاشنایە و نە بە ئێستا و نەپێشبینی و پلانی بۆئایندە هەیە. ئەمەش ئەو دۆخەیە کەبەدرێژایی مێژو ستەمکارەکان دڵیان پێی خۆشبووە و کاریان بۆکردوە و دژی بێداربونەوەو هوشیاری هاوڵاتییان بوون! نەزانینیش میللەت دەکات بەمەڕ، خوێندنەوەش بەبێ بونی گۆڕانکاری ڕەسەن لەکۆمەڵگەدا بونێکی مردووە!

چۆن بخوێنینەوە؟

لەڕاستیدا چۆن و چی و کەی بخوێنینەوە زۆرگرنگە؛ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، جگە لەئەزمونی خۆم و چەند سەرچاوەیەکی گرنگ، زۆرسودم لەبۆچونەکانی دکتۆر محمد مختار الشنقيطي و پرۆفیسۆر( Eva Lantsoght) وەرگرتووە، کەبەشێوەیەکی مەنهەجی و ئەکادیمی وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە کەچۆن بخوێنینەوە؟

لەسەرەتاوە ئەوبوارە دیاری بکە کەدەتەوێ قوڵبیتەوەتێیدا. وێڕای ئەوەی کەزۆرگرنگە کتێب و سەرچاوەی هەمەڕەنگ بخوێنیتەوە، بەڵام ئەوەش گرنگە کە بەشوێن دۆزینەوەی بەهرە و کارامەیی کەسی خۆتبیت و قوڵبیتەوە تێیدا. ئەمرۆ زۆرینەی خەڵکی بەپێچەوانەی بەهرەوتواناکانی خۆیانەوە کاردەکەن، بەهرەکانیان لەدۆڵێکە و کارو پیشەی لەلایەکیتر. دواتر لەکاتی تێپەڕینی تەمەندا بەشێك لەبەهرەکانی خۆی دەدۆزێتەوە کە کاتی ئەوەی نەماوە شوێنی کەوێت. دۆزینەوەی بەهرەوتواناکانیش ئاسانە، لەهەربوارێك

زانیت حەزو خولیاو ئاواتت بۆی هەیە و بەبێ ماندوبون و بێزاربون کاری تیادەکەیت یان دەخوێنیتەوە بەچێژەوە ئەوە بوارەکەی خۆتە؛ ئەمە یەکێکە لەئاماژە گرنگەکانی دۆزینەوەی بەهرەوتواناکان.

ئەمڕۆ خەڵکی وابیردەکەنەوە بلیمەتەکان خەڵکانێکی جیاوازن لەڕوی پێکهاتەی عەقڵییەوە، بەڵام توێژینەوە دەمارییەکان سەلماندویانە کە هەمو مرۆڤەکان بلیمەتن؛ جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەو بلیمەتانەی دەردەکەون، بەهرەو تواناکانی خۆیان دەدۆزنەوەو لەگەڵ دیاردەو کێشەکاندا زیاتر دەمێننەوە. ئەنیشتاین خۆی دەڵێت، جیاوازی من لەگەڵ خەڵکی تر ئەوەیە من زیاتر لەگەڵ کێشەیەکدا ئەمێنمەوە. لەم قۆناغەشدا(Concentration) چڕبونەوەش هاوشانی مانەوە کاریگەری گەورەی هەیەلەسەر داهێنان و فێربون.

لێرەدا بەکورتی گرنگترین ستراتیجەکانی خوێندنەوە و ئەوشێوانەی کەپێویستمانە دەیخەینە ڕو بۆئەوەی بتوانین ئەوەی دەیخوێنینەوە سودمەند بین لێی، وەبەرهێنانیش بکەین لەوەی کەدەیخوێنینەوە؛ ئەمەش کێشەی خەڵکێکی زۆرە لەچینی بڕوانامە دارەکان و خوێنەری ڕۆشنبیر.

١-خوێندنەوەی دۆزینەوە، زانینی کتێبەکە. لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارەت دەستدەکەوێت، بۆچی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە؟ واتە کتێبەکە ناخوێنینەوە بەڵکو دەبێ بزانین ئایا ئەم کتێبە شایانی ئەوەیە کە کاتێکی زۆری بۆتەرخان بکەین؟ هەمومان پێویستمان بەم جۆرە تەکنیکە هەیە، چونکە کتێب زۆرە، تەمنیش کورتە و کاتیش کەمە و زانستیش زۆرە. ئەمەش کاتێك کتێبێکی نوێ دەبینین یان دەچینە کتێبخانە و پێشانگاکانەوە. ناسینی کتێبیش لەچەند لایەکەوە دەبێت کەتێیدا دیدی کتێبەکەو بەهاکەی دەربکەوێت. ئەمەش لەپێرستەکەی، پێشەکی و

ئەنجامەکەی دەردەکەوێت ئەگەر سەرنجی ڕاکێشای برۆ پێشەکی بەشەکان و ئەنجامی بەشەکانی بخوێنەرەوە، بەم شێوەیە دەتوانی بزانی بۆتۆ گونجاوە یان نەگونجاوە.

٢-خوێندنەوە بۆ فێربون، دوای ئەوەی کتێبەکە دەناسی و دیاری دەکەیت، لەم هەنگاوەدا تەنها خوێندنەوە نییە بەڵکو دەچیتە نێوپرۆسەی فێربونەوە، وەك خوێندن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت نەك خوێندنەوە، واتە بەشێوەیەکی قوڵ تێکەڵ بەکتێبەکەدەبیت لەناوەرۆکی کتێبەکە تێدەگەیت. بەتایبەتی کتێبە سەرەکییەکانی پسپۆڕێتی. واتە نوسراوی زاناکانی ئەوپسپۆڕێتییەی کەتۆخۆتی تیائەبینیتەوە. زۆرگرنگە لەکاتی خوێندنەوەی کتێبدا، دەفتەری تێبینی تایبەتت هەبێت بە تۆمارکردنی ئەوەی کە گرنگە و پێویستت پێیەتی.

٣-خوێندنەوە بۆ توێژینەوە، لێرەدا مامەڵە لەگەڵ کتێب ناکەی وەك ئەوەی کە دەتەوێ، وەك مەرجەعێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت، واتە تۆ ناچیت هەمو بابەتەکانی نێو کتێبەکە بخوێنیتەوە بەڵکو تەنها لە ڕێگەی پێرستی بابەتەکانی کتێبەکەوە ئەو بابەتە هەڵدەبژێریت کە بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەت یان بۆبەشێك لەتوێژینەوەکەت پێویستە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە گرنگە بەتایبەتی لە قۆناغێك لەقۆناغە پێشکەوتووەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆراو دواتر بۆ نوسینی توێژینەوە بەبەردەوام پێویستت پێ دەبێت. یان نوسینی کتێبێك.

٤-خوێندنەوە بۆچێژ-یان باشکردن، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە کەمتر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە، بەڵکو زیاتر بۆ چێژوەرگرتن و خۆشییە. بەزۆری چیرۆك و ڕۆمان دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە. بەشێکی زۆری ئەم نوسینانە زیاتر خەیاڵین و خوێنەر وەك بەشێك لەکاراکتەری نێو ڕۆمان یان چیرۆکەکەی لێدێت، ئەشچێتە چوارچێوەی باشترکردنی هەستی ئەدەبی و زمان پاراوی، توانای دەربڕین و گوزارشتکردن. چیرۆك و ڕۆمان، ئەگەر زانیاری گرنگیش نەدات ئەوە ئامانجەکەی ئاراستەی ویژدان دەکات و بەهاکان دەچێنێت. بەڵام بۆکەسانی ئەکادیمی باش نییە زیادەڕۆیی لەخوێندنەوەی ڕۆماندابکات.

## کۆمەڵناسی چ پرسێکی کۆمەڵگامان بۆ چارەسەردەکات؟

د. هیوا عەلی عومەر

بەشی دووەم:

هەر زانستێک بۆ گەڕان و چارەسەری چەند پرسێکی دیاریکراو هاتوونەتە دی. کۆمەڵناسیش وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی چەند پرسێکی سەرەکی لە کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵی دەگرێتە ئەستۆ. واتە ئەوە پرسە کۆمەڵایەتییەکانن کە زەرووەرەتی سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵناسییان ڕەخساندووە. بەگوتەی کارل پۆپەر ژیان هەر لەئەمیباوە بگرە تا ئەنشتاین هەموویان لەهەوڵ و کۆشش دان بۆ چارەسەری پرسەکانیان.

بۆیە لێرەدا دەمەوێت کۆمەڵناسی و پرسەکانی بکەمە بابەتی سەرەکی ئەم ووتارە. بەگشتی کۆمەڵناسی لەدوو ڕەهەندی سەرەکی پێکدێت: ڕەهەندی تیۆری و ڕەهەندی پراکتیکی (بەدەربڕینی ئیمانۆیل کانت عەقڵی تیۆری عەقڵی کرداری). لەلایەکی تر کۆمەڵناسی وەک زانست بۆ ناسین و شیکردنەوەی واقیعەتی کۆمەڵایەتی. بەکاردێت بەڵام چۆن کۆمەڵناسی و واقیعەتی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە ئەوە بۆ خۆی بابەتێکی گرنگە. واتە ئێمە پێویستیمان بە شارەزاییەکی باش و نوێ هەیە بۆ بەستنەوەی عەقڵی

کۆمەڵناسی و واقیعیەتی بەرجەستە و بەرهەست. دیارە ئەوە ئەرکی توێژەران و دام و دەزگاکانی زانستییە کە پردی پەیوەندی لەنێوان واقیعیەتی کۆمەڵایەتی و عەقڵی ئەندیشەی کۆمەڵناسی دروست بکەن. ئەزموونی چەندین ساڵە لەزانکۆ و ناوەندی ئەکادیمی ئەوەمان پێنیشان دەدات کە ئەو لینکە زۆر بەلاوازی بوونی هەیە.

کێشەی پەیوەندی زانستی کۆمەڵناسی بە واقیعیەتی کۆمەڵایەتی کێشەیەکی جیددیە. بەداخەوە بۆشاییەک دروست بوو لەنێوان توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی و پرسە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەجوانترین شێوە لەو تەوەرەیەدا دەردەکەوێت. واتە کۆمەڵناسی تەنها کارێک کە دەبوایە ئەنجامی بدات ئەوە بوو کە ببێتە چاوساغی دامەزراوەکان بۆ پێدانی داتای واقیعی لەهەمبەر پرسەکانیان. لەوانەیە ئەو بابەتە ڕەهەندێکی تریشی هەبێت. ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە خودی کۆمەڵگایە کە بەپێویستی نازانێت ئاریشەکانی لەڕوانگەی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ببینێت و پێیان ئاشنا ببێت. لەم ناوەندەدا نابێ ڕۆڵی حکومەتیش لەبیر بکرێت بەڕای من بەرپرسە لەداشکاندنی ڕۆڵی کۆمەڵناسی لە کۆمەڵگا. کۆمەڵناسی لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەشدار نەکردووە لە جۆشدانی ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. وەک نموونە کام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستانی عێراق پاڵپشتی خۆیان بەڕوونی و بێ دوودڵی بۆ تیۆرێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی دەڕبڕیوە بۆ بەرەوپێشبردنی پرسەکانیان؟ یان لەسەر ئاستی حکومەت، ئایا لەلێدوانی بەرپرسێکی بەپرسانی حکومی بیستراوە کە پێمان بڵێت ئێمە بە فلانە تیۆری سیاسەت کار دەکەین و لەو چوارچێوەیەدا پابەندی خۆمان ڕادەگەیێنین تاکو هاوڵاتیانیش بەرچاو ڕۆشن بن بەرە و کوێندەر هەنگاو دەنێن؟ ئەگەر ئاوڕێک لە بواری بازار و پەروەردە و تەندروستی.. بدەینەوە هەمان کێشەمان هەیە.

لەڕوانگەی تیۆری ڕێکخستنیش ئەو بابەتە دەکرێ ئاوا ڕوون بکرێتەوە کە پرسەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی پەیوەستن بە دوو پانتایی: ئەوەی کە ئاگای لە گرفتەکانی کۆمەڵگا

بێت وەریان بگرێت و بیانکاتە گرفتی خۆی؛ هەروەها وزە و توانستی پێویستیش لە کۆمەڵگا وەربگرێت تاکو هەم دەزگای زانستی هەم توێژەرانیش بتوانن بەردەوام بن و خۆیان نوێ بکەنەوە.

ئەگەر وێنەی سەرەوە بەکاربێنین بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی، دەتوانین بڵێین ئەو لینکانەی کە دەبوایە(دۆخی پێوەری) هەبێت لەنێوان چوار بەشی سەرەکی پێکهێنەرەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی کزۆڵە بوونیان هەیە. لەپەیوەندی نێوان ستراتیژی توێژینەوە، وەک هەموومان ئاگادارین دۆخەکە تەعبیر لە نەبوونی وەها ستراتیژێک دەکات هەم لەلایەن حکومەت و هەمیش لەلایەن ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. باشترین بەڵگەش نەبوونی بنکەی ئاماری و داتابیسی سەرتاسەری توێژینەوەکانە لەهەرێمی کوردستان. لەبواری پەیوەندی دامەرزاوەکانی حکومەت بە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا سەبارەت بە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ ئەو دامەزراوانە و بووجەدارکردنی توێژینەوەکان لەلایەن ئەو دامەزراوانە و وەرگرتنی قوتابی بەپێی ئەو داخوازیانە لەوانەیە ئەو جۆرە توێژینەوانە بەپەنجەی دەست بژمێردرێن. لەبارەی توانستەکانی توێژەرانی کۆمەڵناسی ئاستەنگەکانی بەرەوپێشبردن و نوێکردنەوەی ئەو توانایانە لە پاکێجی هیچ زانکۆیەک و ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی نیە وەها هەڵێک نیە بێجەگە لە کۆرسی ئەکادیمی، کە بەداخەوە ئەویش بەرەو نەمان چووە، هیچ هەلێکی تر بۆ توێژەران گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی توانستەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە بە کۆاڵیتییەکی باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە نادەن. بەچاوخشاندنێکی خێرای هەندێک لە توێژینەوەکان، کەمترین ئاوڕدانەوە بەدیدەکرێت سەبارەت بە داهێنان و نوێکاری لە بواری توێژینەوە و عەقلانیەتی ڕەخنەگرانە لە توێژینەوەکانی پێشوو، بەمەش هەمان شت بەرهەمدێتەوە بۆیە توێژینەوەکانیش بێسوود دەردەچن. کۆمەڵگای کوردستانی لەئێستادا گیرۆدەی دوو جۆر کێشەیە: کێشە مێژووییەکان و کێشە هەنووکەییەکانی کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە هاتوونەتەدی لەوانە پرسە نوێیەکانی پەروەردە، ئابووری، سیاسەتکردن، دامەزراوەیی و

سەرووەری یاسا، گەنجان، ژینگە، گەشەپێدانی بەردەوام (ئاو، خۆراک)، گەندەڵی، پرسەکانی ئومێد و مانای ژیان، ئاوارەکانی...

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پرسی توێژینەوە کە بنەڕەتیترین هەنگاوی هەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسیە، کە دەستنیشانکردنی زانستی ئەو پرسەیە کە توێژەر دەیبەستێتەوە بە واقیعیەتێکی دیاریکراو، پرۆسە و هەنگاوەکانی دواتری توێژینەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دیاریکردنی پرسی توێژینەوە پەیوەندی بە دوو توانستەوەیە: عەقڵ و ئەندێشەی کۆمەڵناسی؛ لێهاتوویی و کارامەیی کرداری توێژەر لە هەڵکۆڵێن و توێکاری و شیکاری توێژاڵەکانی ئەو واقیعیەتەی کە توێژەر لەگەڵیدا دەرگیر بووە. چەندە توێژەر ئەزموونی هەبێت لەو بوارەدا ئەوەند باشتر تەماسی دەبێت لەگەڵ پرسەکەی زانستیتر بۆی دەچێت.

بەسوود وەرگرتن لە تیۆری لیڤ ڤیگۆتسکی(١٨٩٦ -١٩٣٤) دەتوانین پوتانسیەلەکانی توێژینەوە کۆمەڵناسیەکانی دەستنیشان بکەین:

١.ئەوەی توێژەر دەتوانێت خۆی ئەنجامی بدات بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە کەسانی تر.

٢. ئەوەی توێژەر دەتوانێت ئەنجامی بدات بەهەندێک یارمەتی وەرگرتن لەئەوانی تر.

٣. ئەوەی کە توێژەر ناتوانێت ئەنجامی بدات هەتا بەیارمەتی ورگرتن لەئەوانی تر.

# هونەر و ئەدەب..

# ڕوانگەی هزری سۆسیالیزم بۆ ئەدەب *

عەبدولڕەحیم حەسەن

لە ڕوانگەی هزری سۆسیالیزمەوە، بەرهەمی خەیاڵ و ئەندیشەی ڕۆشنبیر یان هونەرمەند ئەگەر لەخزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ و تازەبوونەوەی ژیاندا نەبێت ، دارێکی زرەو چاوەڕوانی بەرهەمی لێ ناکرێت،،تەنها بەرهەمێک کە بەنەمری بمێنێتەوە ،ئەو بەرهەمانەیە کە ڕاست گۆیانە دەربڕی ناخی مرۆڤ و ویست و ئارەزووکانیانە ،نووسەر یان هونەرمەند لەهەر کاییەکی هونەری کە دیاردەیەک بەرجەستە دەکەن بیانەوێت یان نەیانەوێت،هەستی پێ بکەن یا خامۆش بن ،پشتگیری لە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو دەکەن ..

پشتگیری کردن لە هێزی چەوساوەو دەرخستنی ڕاستی دادۆشینی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ،بە واتا پابەند بوونی نووسەرە بە ڕەوتی گەشەکردن و فراژۆبوونی مێژووەوە ..لەبەر ئەم ڕاستیانە نووسەر ،یان یاشاعیر ،یاخۆد کایەکانی تری نووسین لەسەریانە هەڵوێستی خۆیان لەسەر چینی چەوسێنەران دیاری بکەن ..

هەندێک کەس لە چینی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار هەوڵی ئەوە ئەدەن ،ئەدەب بەهەموو بەشەکانیەوە لە ڕاستی و وێنەی ژیانی خەڵک دابڕن ،ئەم ئاراستەییە هەوڵی ئەوە ئەدەن ڕێبازێکی ترو دیدێکی تر بە ئەژماری خۆیان بهێننەکایەوە ،کە ڕۆڵی نەبێت لە کایەو ئەرکی کۆمەڵایەتی و یەکلاکردنەوەی ڕاستی و شیکردنەوەی نەکۆکییەکان

،لەبەرانبەر ئەم دیدە و ڕوانینە چینە شۆڕشگێڕەکان سیستەمێکی هزری هاتە کایەوە هەوڵیاندا ،نووسەران و هونەرمەندانیش لە پاڵ چینە کۆمەڵایەتیەکانی تری کۆمەڵگەدا بێ لایەن ،نەبن ،هونەرو نووسین و یان بڵێن هەر کایەو ڕەگەزێکی تری نووسین بێت با بەرجەستەکراوی ڕاستی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت ..

لەو بارەوە وتراوە ( هونەر تەنیا کاری دووبارەکردنەوەی ژیان نییە بەڵکوخولْقاندن و درووست کردنی ژیانێکە کە پێویستە هەبێت ..

لە ڕوانگەی هزری سۆسیالیزمەوە ،مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە ،هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یان داهێنرانەی هەبێت ،لە چالاکی بەرهەم هێنانەوە سەرچاوە دەگرێت ،لەو بارەوە مارکس دەڵێ : مرۆڤی سۆسیالیست ،تەنها ئەو بەرهەمە بە موڵکی سۆسیالیست کە بەهەوڵ و کۆششیی مرۆڤ بەرهەم هاتوە .کەواتە مێژوو واتە گەشەکردنی

سرووشت بەخزمەتی مرۆڤ یان ئادەمیزاد لەم ڕوانگەیەوە کەمەبەستمان ڕوانگەی سۆشیالیزمیە ئەدەب بەهەموو بەشەکانیەوە ئەو کاتە دەتوانێت پەیامەکەی خۆی بەچاکی بگەیەنێت کەبەوپەری ڕاستگۆییەوە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بخاتە ڕوو لەهەمان کاتا ئەو بیروڕایانە یان بڵێن ئەو ڕوانینانە ڕوون بکاتەوە بەو پەیوەندیانەوە هەڵبەستراوە . هزری سوسیالیزم بەمەرجی نازانێت نوسەر ڕاستەوخۆ دەستبۆ ئەم مەسەلەیە رابکێشی یا بڵێن بە کردوە بەژداری پرۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی بکات ئینگلس باوەڕی وایە شاکارە ئەدەبیەکان هەریەک بەجۆرێک گوزارشت لەجیهان دەکەن هەیانە ڕەخنەگرانەو هەشیانە هیواو ئاوات دەخاتە دڵەوە هەر لەبەر ئەمەشە ئەوەی لەم هزرە بەدی دەکرێت داهێنانی هزری هەر گەل ونەتەوەیەک دەبێتە مولکی گشتی نەتەوەکانی تر وردە وردە ئەو راستیە بەدەر دەکەوێت کەچیتر نەتەوە جیاجیاکانی تر بەگۆشەگیری و

دورەپەرێزی بمێنیتەوە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا گیر بخوا، بەڵکو لەئەدەبیاتی نەتەوەییەوە ، ئەدەبیاتی جیهانی خۆی دەنوێنیت هەموو ئەو روانگانە ئەوەمان پێ دەڵێت سوسیالیزم نەبەهرە بەمرۆڤ بێ بەهرە دەبەخشێ نەنوسەرێکی بێتواناش دەکاتە نوسەێکی نەمروو نەبەرد برێکیش دەخاتە جێی پەیکەرتاشێکی دەست رەنگینی بەناوبانگ مارکس و انگلس قالبێکی ئامادەکراویان بۆ شاکارە ئەدەبو هونەرێکان دانەناوە بەپێچەوانەوە هەوڵی زۆریان داوە ویژدانی مرۆڤیان هێنایە جۆشو پەرەیان بەتاکەکان داوە ژیانیان لە بەبارێکدا بگۆرن ئادەمیزاد شکۆو کەرامەتی تێدا پارێزراوتر و بەختیار تر بێ مەودای بینینی لێ بێنێتەوە یەک هیچ کاتێک ئەوە بەرەوا نابینێت کە فشار بخاتە سەر شاعیرو چیرۆک نووس و وێنەکیش تابەپێی فەرمان بیر بکەنەوە، زۆر لەوە دورە ، تێروانینیان لێ تەسک بکاتەوە سەرچاوەی هەستیان بەرەو وشک بوون ببات .

مارکسیزم هەوڵی ئەوە دەدات پاڵیان پێوە دەنێت لە راستی نزیک ببنەوە کەبابەتەکانیان لێوە هەڵدەچنن ، بەو هۆیەوە بیریان بە بە دۆزینەوەی کێشەیەکی مەعریفی دیکە دەگاو دەتوانن روونتر بنوسن چاکتر هەست بە ئێش و ئازارەکە بکەن باشتر و رونتر بەپیریانەوە بچن لەم روانگەیەوە نوسەر و هونەر مەند گوێ بۆ دەنگ و سەدای هەزار هەزار کەس شل دەکەن خۆشیەک، شادیەک دایان دەگرێت کەنان و گوڵ و ئازادی بۆ هەموو کەسێک فەراهەم دەبێت ..

* بۆ ئەم بابەتە سوودم لە نووسینێکی نووسەر فواد مەجید میسری وەرگرتوە ..

# هونەروسیاسییەکان

ئاشنا عومەر

"من هونەرمەندم باسی سیاسەت ناکەم" ئەمە قسەی زۆربەی هونەرمەندانە، بەڵام قسەی من نییە، ئاخر دەربڕینی ئەو قسەیە جۆرێکە لە تێنەگەشتن لە سیاسەت، چونکە ئەوە سیاسییەکانن بڕیار لەسەر ئاو و هەوایش دەدەن.

گرفت ئەوەیە لەم وڵاتەدا هونەرمەند خۆی لە باسی سیاسەت نادات، بەڵام سیاسییەکان خۆیان لە پرسی هونەر دەدەن، بڕیاری هونەر و داهاتووی هونەریش هەر لای ئەوانە. نەگبەتی هونەری کورد لەوەدا نییە کە سیاسییەکان، بڕیاری لەسەر دەدەن، چونکە لە دنیای پێشکەوتوویش ئەوە سیاسییەکانن بڕیار لە پلانی حکوومەتەکان دەدەن و بڕیار دەدەن بازاڕ چۆن بێ و چۆن ماف بپارێزن بە بازاڕی هونەریشەوە، بەڵکو نەگبەتی هونەر لەم وڵاتە ئەوەیە، کە سیاسییەکانی لە هونەر و گرنگی هونەر ناگەن.

لەم وڵاتە هونەر لای سیاسییەکان ماکیاژە، ماکیاژی جوانکردنی خۆیان و ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت و هیچی تر. گەر وا نییە بۆچی بۆ ئاهەنگە حزبییەکانیان هونەرمەند بانگهێشت دەکەن، تا گۆرانی و مۆزیك تەواو دەبێت لە بەرانبەریان دادەنیشن و چەپڵەیش لێ دەدەن، بەڵام ئامادە نین بچنە کۆنسێرتی هونەرمەندێک و تا کۆتایی کۆنسێرتەکە وەک ئاهەنگە حزبییەکانیان بەدیار هونەرمەند و بەرهەمەکانیانەوە دانیشن. کەواتە تەنیا بەبیرکردنەوە لەوەی هونەر و هەموو بوارەکانی ژیان سیاسییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن، دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە "من هونەرمەندم و قسە لەسەر سیاسەت ناکەم" قسەیەکی بێ مانایە و خۆشاردنەوەی هونەرمەندە لە ئەرکێکی گرنگی خۆی.

هەروەها بە بەراورد و گەڕان بەدوای ئەو پرسیارەی کە بۆچی سەرکردە و سیاسییەکان لە ئاهەنگی حزبی خۆیان گوێ لە بەرهەمی هونەرمەندان دەگرن و چەپڵەی ماندانیان بۆ لێ دەدەن، بەڵام ناچنە کۆنسێرتەکان؟ دڵنیا دەبی لەوەی کە بەڵێ هونەر لای سیاسي کورد تەنیا رێگەیەکە بۆ ماکیاژی ئەوەی خۆیان دەیانەوێت و هیچی تر.

تێبینی : رەنگە تاکوتەرا سیاسی هەبن بچنە کۆنسێرتەکان، بەڵام دەگمەنن.

# زمانەوانی

# تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ

ڕێدارفاتیح

لە ژمارە سفری ئەم گۆڤارەدا باسی سەرەتاکانی پەیدابونی زمانمان کرد. لەم ژمارەیەدا باسی تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ دەکەین و بەراوردی دەکەین بە زمانی ئاژەڵان. زانای گەورەی بواری زمانەوانی، نەئوم چۆمسکی دەڵێت ' زمانێک تەنها بریتی نیە لە وشەکانی، بەڵکو کلتورە، داب و نەریتە، یەککگرتنی کۆمەڵگەیەکە، مێژویەکی تەواوە کە کۆمەڵگەیەک دروست دەکات. ئەمانە هەمو بە دەوری زماندا دەسوڕێنەوە.' لێرەدا گرنگترینی ئەو تایبەتەندییانە دەخەینە ڕو کە زمانی مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە، لە بەرامبەردا زمانی ئاژەڵان ئەو تایبەتمەندییانەی نیە یاخود بە شێوەیەکی سنوردار هەیەتی. ١. ڕەنگدانەوە مرۆڤ دەتوانێت بە بەکارهێنانی زمان باسی زمان بکات. واتا دەتوانێ بە دەربڕینێک، دەربڕینێکی دیکە شی بکاتەوە. نمونەی ئەمە ئەدەبیات و شیکردنەوەکانیەتی، یاخود زانستی زمانەوانییە. لە بەرامبەردا ئاژەڵان ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن. ٢. مەودا مرۆڤ لە توانایدایە بە زمان باسی ڕابردو، ڕانەبردو، داهاتو، شتی بەرجەستە و شتی نابەرجەستە ( ئابستراکت) بکات. بەڵام ئاژەڵان دەتوانن تەنها باسی ڕانەبردو و شتی بەرجەستە بکەن. واتا ئاژەڵان ناتوانن بە زمان باسی دیاردەی نابەرجەستەی وەکو ئازادی و خۆشەویستی و ڕق و هتد... بکەن. ئەمە بە هەمان شێوە بۆ دەمەکانی ڕابردو و داهاتو ڕاستە. ٣. هەڕەمەکی یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ بریتییە لە هەڕەمەکێتییەکەی. واتا هەر دەربڕینێکی زمانەوانی بە شێوەیەی هەرەمەکی دروست بوە و دەلالەت لە وێنەی ئەو شتە ناکات. بە نمونە هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان وشەی پشیلە و ئاژەڵەکەدا نییە. لەبەر ئەوە لە هەر زمانێکدا وشەی جیاواز بۆ ئەو

ئاژەڵە دەبینرێت. ئەمە بۆ دەربڕین و وشەکانی تریش راستە. ٤. بەرهەمداری ئەمەش یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانەی زمانی مرۆڤ کەوا دەکات زمانێک هەمیشە بتوانێت پێشبکەوێت. لەبەر ئەمەیە کە هەمیشە وشەی نوێ دەچێتە نێو زمانە زیندووەکان و فەرهەنگەکانیان دەوڵەمەندتر دەبێت. بەڵام زمانی ئاژەڵ پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێ و لە ئاستی خۆیدا دەمینێتەوە. ٥. فێربونی زمان مرۆڤ بەشێوەیەی کۆمەڵایەتی لەو ژینگەی لێی گەورە دەبێت فێری زمان دەبێت. بەڵام ئاژەڵ زمانەکەی لە دایک و باوکییەوە بە شێوەیەکی ویراسی وەردەگرێت. لەبەر ئەوە بە نمونە زمانی پشیلە لە هەمو جیهاندا هاوشێوەیە یاخود زۆر نزیکن لە یەکەوە، بەڵام منداڵێک لە هەر کوێیەک گەورە بێت زمانی ئەو ژینگەیە فێردەبێت بێ گوێدانە زمانی دایک و باوکی. لەم تایبەتمەندییانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی مرۆڤ توانیویەتی هێندە داهێنان لە زمانیدا بکات و فرەچەشنی بکات، هەروەها بیکات بە هەوێنی داهێنان لە زانستە جوداکانی تری سەر زەوی

## وه‌رگرتن و قه‌رزكردني وشه‌ له‌ زماندا

دڵدار دانا:

له‌ بواری زمانه‌وانیدا مه‌به‌ست له‌ وه‌رگرتنی وشه‌ یان قه‌رزكردنی وشه‌ ، واته‌ پڕكردنه‌وه‌ی بۆشاییه‌كی دركپێكراو له‌ زمانه‌كه‌دا ، له‌ هه‌موو زمانه‌كاندا به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و به‌بێ جیاوازی هه‌ست به‌ بوونی ئه‌و بۆشاییه‌ زمانییه‌ ده‌كرێت ، هه‌رچه‌نده‌ زمانه‌كه‌ خاوه‌ن فه‌رهه‌نگێكی وشه‌یی ده‌وڵه‌مه‌ند و مێژوو و شارستانییه‌تێكی گه‌وره‌ و پێشكه‌وتووش بێت ، به‌ڵام ڕه‌نگه‌ بۆشاییه‌كان له‌ زمانێكه‌وه‌ بۆ زمانیكی تر جیاواز بێت ، واته‌ بۆشاییه‌ زمانییه‌كه‌ شتێكی ڕێژه‌ییه‌ له‌ نێوان زمانه‌كانی جیهاندا ، هۆكاری دروستبوونی ئه‌م بۆشاییه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌و پیشكه‌وتنه‌ گه‌وره‌ و خێرایه‌ی بواری ته‌كنۆلۆجیا وداهێنان و زانیاری ...هتد ، كه‌ ئه‌مڕۆ له‌ بواره‌ جیاجیاكاندا ده‌بینرێت ، ئه‌مه‌ش بۆته‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی ، كه‌ زمانه‌كان په‌نا ببه‌ن بۆ وه‌رگرتنی وشه‌ له‌ زمانه‌ بیانییه‌كاندا بۆ پڕكردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆشاییه‌ فه‌رهه‌نگییه‌ی ، كه‌ له‌ زمانه‌كه‌یاندا دروست بووه‌ و پێویستی به‌ پڕكردنه‌وه‌ هه‌یه‌.

وه‌رگرتن وقه‌رزكردنی وشه‌ بۆ زمان ده‌كرێت بڵێین هه‌ندێكجار به‌ پیی پیویستی و ویست و ئاره‌زووی خۆمان ئه‌م كاره‌ ده‌كه‌ین ، واته‌ پێویستی و بۆشایی و كه‌م و كورییه‌كانی زمانه‌كه‌مانی پێ پڕده‌كه‌ینه‌وه‌ ، هه‌ندێك جاریش به‌بێ ویست و ئاره‌زووی خۆمان و به‌ هۆكار و ڕێگای جیاواز وشه‌كان دینه‌ ناو زمانه‌كه‌مانه‌وه‌ ، وه‌كو هۆكاری (ئاینی

، جەنگ ، پێشکەوتنی زانست بە گشتی ، کۆمەڵایەتی ، بازرگانی و ئابووری ، رامیاری و ...هتد ، بۆنموونە وشەکانی (حەج ، زەکات ، سەرفترە ، ...هتد) بەبێ ویستی خۆمان لە ڕێگای ئاینی ئیسلامەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و بووە بە بەشێك لە فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی ، یاخود لە ئەنجامی پیشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە سەدان وشەی نوێ هاتۆتە ناو زمانی کوردی ، بەشێك لەو وشانەش وەکو خۆی بەبێ دەستکاری وەرگیراوە ، وەك وشەکانی (کۆمپیوتەر ، لاپتۆپ ، هارد ، پرینتەر ،ڕادیۆ ، ... هتد) ، بەشێکی تریشیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و لەگەڵ سازگەی زمانی کوردی گونجێنراوە وەکو وشەکانی (تلفۆن بووە بە وشەی تەلەفزیۆن ، ...هتد) وەرگرتنی وشە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆمان زۆر جار دەبیتە هۆی مردن و لەناوچوونی وشەیەکی زمانەکە ، بەتایبەت ئەگەر بێت و وشە کۆنەکە تۆمارنەکرێت لە فەرهەنگی زمانەکەدا ، بۆنموونە ، ئەو پیشکەوتنە گەورەی لە

بواری کشتوکاڵیدا ڕوویداوە ، وایکردووە ئامێرە کشتوکاڵییە کۆنەکان بەکارنەهێنرێن و ناوەکەشیان بەرەو نەمان بڕوات بە تێپەڕبوونی کات ، چونکە بەکارنەهێنانی ئەو ئامێرانە و شوێنگرتنەوەیان بە ئامێری نوێ و تەکنۆلۆجیای نوێ وادەکات ناو و ئەرکەکەی لە دەست بدات ، بۆیە لێرەدا وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی و زمانەوانی و کەلتوری دەبێت نموونەیەکی ئامێرەکان لە مۆزەخانەی نیشتیمانی هەڵبگیریت و ئەرکەکەشی بە شێوەی نوسین لەگەلدا دابنرێت ، بە مەبەستی پاراستنی ناو و ئەرکی ئەم ئامێرانە. ئەوەی گرنگە لە بابەتی وەرگرتن و قەرزکردنی وشەدا ، بریتییە لە چۆنییەتی وەرگرتنی وشەکە و چۆنییەتی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە لە زمانەکەدا ، چونکە وەرگرتنی وشە بۆ زمانەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نابێت ، بەڵکو دەبێت لە ژێر چەند مەرج و یاسایەکدا هەنگاوەکانی وەرگرتنی وشەکە جێبەجێ بکریت ، بۆنموونە لەکاتی وەرگرتنی وشەدا بۆ زمانەکان

دەبێت هەڵبژاردنی وشەکان لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجامبدرێت ، بۆ ئەوەی ئەو وشەی ، کە وەردەگیرێت بۆ پرکرکرنەوەی بۆشاییە زمانییەکە شوێنی خۆی بگریت و نەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی و کێشە نانەوە لە زمانەکەدا ، لە هەنگاوێکی تردا دەبێت وشە وەرگیراوەکە لەگەڵ سازگەی زمانی کوردی بگونجێنرێت و هەوڵ بدرێت تا ڕادەیەك خۆماڵی بکرێت ، هەروەها وشە وەرگیراوەکە دەبێت بە پێی واتای بابەتەکە بێت ، واتە وشە وەرگیراوەکە وەکو زاراوەیەك بۆشاییە زمانییەکە پڕبکاتەوە بەبێ نانەوەی هیچ کێشەیەك لە بواری واتاییدا دیاردەی وەرگرتن و قەرزکردنی وشەش دیاردەیەکی نوێ نییە لە هەموو بوارەکان بەگشتی و بەتایبەت لە بواری زمانەوانی ، بەڵکو مێژوویێکی دێرینی هەیە ، کرداری وەرگرتنی وشە کردارێکی پێویست و ئاساییە و یاساییە بۆ هەموو زمانەکان بەبێ جیاوازی .

# مێژوو و فەلسەفە

سەرە قەڵەمێك لە بارەی چەمکی مێژوو :

بەشی یەکەم:

محمدخان تحسین حسین

مێژوو یەکێکە لە زانستە هەرە باوەکانی سەردەم, کە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە پێناسە و ناساندنێکی گشتگیری بۆ بکرێت, تاوەکو ئەمرۆ هەریەکێك لە زاناکان بەگوێرەی بیروباوەڕو شارەزایی خۆی پێناسەی مێژووی کردووە, سەرەڕای ئەو جیاوازیانەش دەتوانین بڵێین ( مێژوو بریتیە لە توێژینەوەیەکی زیندووی وورد لە بارەی رابردوویکی مردووی بێگیانی مرۆڤەکان, کە ئامانج لێی دەست خستنی زانیارییە لەم رووداوانەی کە مرۆڤایەتی لێی خەبەردار نین).

لە زمانی عەرەبیدا (التاریخ) بەمانایی زانینی کات دێت, لەکاتێکدا مێژوو بریتیە لە پەیوەست بوون بە کات, مرۆڤ و هەموو ئەو رووداو و کردانەی کە کاتەکانیان کۆتایی هاتووە ، ئەنجامدراون و بوون بەشێك لە رابردوو ، واتە ، بۆماوەیەکی کەم بێت یان زۆر بێت تێپەڕیون.

ئەگەر لە رووی زمانەوانی و لە زمانی عەرەبیدا بە بنج و بنەوانی وشەکەدا شۆڕ بینەوە ،لەبنەڕەتدا وشەی تاریخ لە وشەکانی (اریخ و یرخ) ی زمانەکانی سامی, ئەکەدی, حەبەشی و عیبرانی وەرگیردراوە کە بەواتای مانگ یاخود کات دێت, هەندێکی تر پێیان وایە وشەی تاریخ لە وشەی عیبری (یاریح) وەرگیردراوە, کە ئەم وشەیە لە زمانی عیبری بەواتایی مانگ دێت. ئەم وشەیە بە تێپەڕبوونی کات لەزمانی عەرەبیدا گۆڕانی بەسەر دادێت و دەبێتە تاریخ, لە

پاڵ ئەمانەشدا هەندێکی تر هەن پێیانوایە وشەی تاریخ لە وشەی توریخ لە شێوەزاری عەرەبی باشوور(یەمەن) هاتووە و دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە, کە هەردوو وشەی تاریخ و توریخ لە زمانی عەرەبیدا لە رووی ماناوە هەمان مانایان هەیە و بەمانایی زانینی کات دێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی مێژوو دەکەوێتە بەرامبەر وشەی هیستۆری(History) کە لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە بۆ سەر وشەی ئیستۆریا (Istoria)ی یۆنانی دەگەڕێتەوە, کە بەواتایی توێژینەوە, گەڕان, زانیاری, پشکنین...هتد دێت. دواتر رۆمانەکان ئەم وشەیان بە پێشگری (H) بۆ وشەی (Istoria) کە بوو بە (Historia) بۆ نێو فەرهەنگی خۆیان گواستۆتەوە.

واتە لە بنەڕەتدا وشەی (Hıstory) لەزمانی ئینگلیزیدا لە وشەی ئیستۆریای یۆنانی وەرگیردراوە, کە ئەم وشەیە زیاتریش لە وشەی ستۆری (Story) نزیکە ، کە بە مانای چیرۆك دێت، لەبەر ئەوەی لە سەرتادا مێژوو بەهەرەیەکی سادە و بێ گرێ و گۆڵبووە, کە خەڵکی بەزارەکی و بەشێوەیەکی سادە رووداوەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستۆتەوە, بۆیە دەتوانرێت بگوترێت مێژوو بەشێکبووە لە چیرۆکە گێڕدراوەکان, بەتایبەتی ئەم چیرۆك و داستانانەی لە نێو کۆمەڵگا و میللەتاندا باوبوینە.

لەزمانی کوردیدا ،بەتایبەتی لە شێوەزاری کوردی کرمانجی باکوردا وشەی (دیرۆك) لە بەرامبەر وشەی ئیستۆریای یۆنانی بەکارهاتووە. سەبارەت بەم پەیڤە بەشێك لە شارەزاکانی بواری زمانەوانی پێیان وایە وشەی دیرۆك لە ووشەی (دوور)ەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەرامبەر ئەمەشدا بەشێکی تر لە شارەزایان پێیان وایە وشەی دیرۆك لە وشەی چیرۆکەوە هاتووە, کە ئەم وشەیە زیاتر و نزیکتر و گونجاوترە لەبەرامبەر وشەی هیستۆریا, چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد ، هیستۆریا لە بەشێك لە زەمانە خۆرئاواییەکاندا بەواتایی

چیرۆك دێت. هەروەها لە شێوەزاری زمانی کوردی کرمانجی ناوەند وشەی (مێژوو) بەکاردێت, کەلە وشەی (مێژ)هوە وەرگیردراوە و بەمانایی کاتێکی دوور پێش ئێستا.

سەبارەت بە زامانی تورکی وشەی (Tarih) بەکاردەهێنرێت, کە لە وشەی تاریخی عەرەبیدا وەرگیرداوە و تاوەکو ئێستا لە فەرهەنگی تورکیدا هیچ وشەیەکی تورکی بۆ ئەم دەستەواژەیە دانەنراوە.

ماویەتی ....

لیستی سەرچاوەکان:


١- نەهرۆ ئیسماعیل محمد, مێژووی کۆنی شارستانییەتی یۆنان و رۆمان, بەرگی یەکەم, هەولێر, نوسینگەی تەفسیر, ٢٠١٩.

٢- صائب عبدالحمید, علم تاریخ و مناهج المورخین, الگبعه الپانیه, بیروت: دار و مكتبه البصائر,٢٠١٠.

٣- السخاوی, شمس الدين بن محمد بن عبدالرحمان, الاعلان بالتوبيخ لمن ژم التاريخ, تحيقيق: فرانز روزپنال, بيروت: دارالکتب العلميه, بدون سنه گبع.

٤- MUSTAFA FAYDA. Tarih, .Islam Ansiklopedisi

# سەرەتایەك لە بارەی مێژووی زانست:

بەشی سێیەم:

د. محمد شوانی

دۆزینەوەکەی نیوتن و کتێبەکانی لە بارەی بنەما بیرکریەکانی فەلسەفەی سروشت وفراوانبوونی کایەکانی خوێندن و بەرزبوونەوەی رێژەی خوێندەواران و ژمارەی زانکۆ و ناوەندەکانی هۆشیارکردنەوە لەسەدەی حەڤدە ، زەمینەی گۆڕانکاری قوڵی رەخساند بۆ قوناغەکانی دوواتر، بە تایبەت لە بارەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانەوە ، چونکە زانستە سروشتیەکانیش کە چەقی گرنگیپێدانی بیرمەندانی ئەو قۆناغە بوون ،بە رایەڵەیەکی پەیوەندی توندو تۆڵ پێکەوە بەسترابوون ،قسەکردن لەسەر سروشت لە ئەنجامی هزری فەلسەفیەوە هاتبوو ، هێشتا بەشێك بوو لە فەلسەفە ، ئەگەرچی سەرەتاکانی کەرت کەرتبون و جیابوونەوە لە ناو خودی زانستی سروشتدا سەریهەڵدابوو، کە لەژێرناونیشانی فیزیکدا دەخوێندران و توێژینەوەیان لەسەر دەکرا.

فیزیك چەمکێکی کۆنی یونانیە ، بە مانای سروشت دێت، لقێکە لە لقە بنچینەییەکانی زانست ، لە ئەنجانی توێژینەوەکردن لە سروشت وفەلسەفە پەیدابووەوە گەشەی کردووە، ئەگەرچی بە هۆی پیشکەوتن و گەشەگردنی زانستەکان و جیابوونەوەی دەیان لقی سەربەخۆ لە فیزیك ، لەم سەردەمەدا زانستی فیزیا لە تویژینەوەی مادەو وزەو پەیوەندی نیاوانیاندا کورت کراوەتەوە،

لە راستیدا چەندین لقە زانستی وەکو میکانیك و و فەلەکناسی و ئەمانە لە فیزیاوە جیابونەتەوە، جگە لەوەی هەر خودی فیزیا خۆی بەسەر دوو لقی فراوانی فیزیای کلاسیکی و فیزیای نوێدا دابەش بووە، بەڵام لەو سەردەمەدا هیشتا وەکو میراتێکی فەلسەفەی کۆنی یونانی بە تایبەت تویژینەوەکانی ئەرستۆ لەسەر بابەتە فیزیاییەکان و زیندەوەرزانیەکان و بابەتە غەیبانیەکان ، کە ئەو بۆ فیزیك و بیرکاری لاهوت پۆلێنی کردبوو، بەڵام دواتر قوتابیەکانی ئەو پۆلێێنکردنەیان داهێنا کە دوو چەمکی فیزیك و میتافیزیك بۆ جیاکردنەوەی کۆی ئەو بابەتانەی پەیوەست بوون بە سروشت لە بەرامبەر بابەتەکانی دیکەدا لە ئارادابوون و لە هەردوو بوارەکەدا بە تایبەت بواری سروشتی جەخت کرابووە سەر بیرکردنەوەی زانستی و ئەقلانی . .

ئەگەرچی سەرەتاکانی تیگەیشتنی ئەقلانی لە سروشت بۆ فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و فەیلەسوفانی پیش سوکرات دەگەڕێتەوە کە وەکو بزوتنەوەیەك لە پینج سەد ساڵ پێش لە دایکبونەوە دەست پی دەکات ، بەڵام ئەوەی وەکو شۆڕشی زانستی پیناسە کراوەو گۆرانکاری گەورەی لە بواری توێژینەوەو بیرکردنەوەی زانستیدا هێناوەتە کایەوە بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە ، واتە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دووای دەستپێکردنی ئەو بزوتنەوە هزریەی بۆ تێگەیشتنی ئەقڵانی لە سروست دەستی پێکردبوو لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانیدا ،ئەمەش نیشانەو بەڵگەی پیشکەوتن و گەشەکردنی وردە وردەی زانستە ، لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و داهێنان و دۆزینەوە یەك لە دووای یەکەکانەوە گەیشتوەتە ئەم ئاستەی ئێستای .

لە سەدەی حەڤدەدا بزوتنەوە چاکسازیەکان دەستیان پێکرد و داوای چاکسازیان لە هەموو کایەکانی ژیاندا دەکرد، یەکێك لەو کایانە بواری زانستی و تویژینەوەو میتۆدەکانی پەروەردەو فێرکردن بوو، داوای ئەوە دەکرا لە

راڤەو شرۆڤە کردنی هەموو دیاردەکاندا پشت بە شیکردنەوەی زانستی و تێگەیشتنی ئەقڵانی ببەسترێت نەك هزری میتافیزیکی ئەودیوی سروشت و غەیبانی . هەر بۆیە لە پاڵ داهێنانە نوێیەکاندا ئەم بزوتنەوەیە بە شۆڕشی زانستی ناونرا ، کە بەرهەمی هەوڵ و ماندوبوون و دۆزینەوەکانی پیش خۆیان بوو، بە تایبەت چەند بیرمەندێکی دیارو ناوداری کۆتایی سەدەی شازدەو سەرەتای سەدەی حەڤدە کە ئەو شۆڕشەی تێدا هاتە ئاراوە . .

یەکێك لەوانە ، زانای فیزیکی و بیرکاری و فەلەکناسی ئیتالی گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٦) بە پایەو کۆڵەگە و پیشەنگیکی ئەو شۆرشە دادەنرێت، لە رێگای ئەزمون و تاقیکردنەوەکانیەوە پەرەی بە تواناکانی تلیسکۆب دا لە بواری فەلەکناسیدا رۆڵی گرنگی هەبوو، پەرەی بە شیکردنەوەی ئامارانەو بیرکاریانەدا لە چاودیری جولەی خۆر و زەوی و مانگ و هەسارەکانی دیکەدا ،جگە لەوەی گالیلۆ لە بوارەکانی یاسا و پزیشکی و لاهوتدا پیشەنگی بیرمەندانی ئەو سەردەمە بوو .

گالیلۆ میتۆدی ئەزمونگەری بەکار دەهێنا لە تویژینەوەکانیدا ،بە سەدان دوربینی دروستکرد، وەکو کالایەکی بازرگانی خۆی کاری فرۆشتنی ئەو دوربینانەی دەکرد و بۆ هەموو وڵاتانی ئەوروپای دەنارد لەو رۆژگارەدا، ئەمە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو بۆ ناو ناوبانگ و پێگەی زانکۆکانی بیزا و بوندقیە لە رووی زانستیەوە ، بە تایبەت دەرسگوتارەکانی لە بارەی بیرکاری و ئەندازیاری و پزیشکیەوە ، ئەگەرچی دوواتر لە لایەن پیاوانی کەنیسەوە درایە دادگا لەسەر لایەنگیری گالیلۆ لە تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس لە بارەی ناوەندیتی خۆرەوە نەك زەوی ، بە بەندکردن و دوواتر هیشتنەوەی لە ژێر چاودیری و قەدەغەکردنی باسی ئەو بابەتانە سزادرا.

یەکیکیتر لەو پێشەنگانەی لە سەدەی حەڤدەدا بەشداری لە بونیادنانی

زانستەکاندا کرد بریتی بە لە فەیلەسوفی فەرەنسی رێنیە دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) ، رۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە فەلسەفەی ئەزمونگەریدا، بە خاوەنی پرەنسیپی گومانگەرایی دادەنرێت ، باوەڕی بە راڤەو شرۆڤەی بیرکاریانە هەبوو بۆ هەموو ئەو دیاردەو بابەتانەی لە ژینگەکەیدا هەستی پێ دەکرد.

دیکارت یەکێکە لە کۆڵەگەکانی شۆڕشی زانستی و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەقڵانی ، بە تایبەت لەبارەی گەشەکردنی زانست و فراوانبوونی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی ، بە داهێنانی تەوەرەکان ،کە بەسیستەمی تەوەرە دیکاتریەکان ناسراوە، شۆڕشێکی لە بارەی ئەندازەی شیکاریەوە بەرپاکرد.

زۆربەی نوسینەکانی و توێژینەوەکانی دیکارت لە بارەی بیرکاری و ئەندازەوە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە باوکی فەلسەفەی نوێ ناوزەد کراوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو تێزو بیرۆکە فەلسەفیانەی دوواتر لە ئەوروپا پەیدا دەبوون رەنگدانەوەی بیرو بۆچونە فەلسەفیەکانی دیکارت بوون، ئەو دەیوست لەگەل ئەو پیشکەوتنە زۆرەی لە بورای بیرکاری و ئەندازەدا هاتبونە ئاراوەو ئەنجامی توێژینەوەکانیان چەند ورد و زانستی بوون ، بە هەمان شێوە توێژینەوە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیەکانیش بەو ئاستە بگەن و ئەنجامەکانیان ورد و زانستی و دیاریکراو بن، بۆیە نوسینەکانی دیکارت لە بارەی میتۆدی توێژینەوە سەرەتایەکی زۆر گرنگن لە مێژووی زانستە کۆمەلایەتی و مرۆییەکاندا.

لە ئەنجامی هەوڵ و نوسین و توێژینەوەکانی ئەم بیرمەندانەوە ، کۆمەڵێک گۆرانکاری لە ژیانی کۆمەڵگاو چۆنیەتی رێکخستن و بەریوەبردن و بونیادی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە ، یەکیك لەو دەستکەوتە زانستیانەی لە سەدەی حەڤدەدا بە دەست هات ، بریتی بوو لەو ژمارە زۆرەی ئەو گروپ و کۆمەڵەو رێکخراوە جۆراو جۆرانەی لە بواری زانستی و توێژینەوەدا سەریان هەڵدا، بە تایبەتی لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و دوواتر لە بەریتانیا لە ساڵی ١٦٦٠ و لە فەرەنسا لە ساڵی ١٦٦٦، بوونە هۆی جیابوونەوەی ئاراستە فەلسەفی و زانستیەکان و دابەشبوونی زیاتر لە کایەی زانستیدا...

# ڕۆڵی شاری هەولێرلە ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ دا

کوچەر شاکر شێروانی

لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)دا، عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەژێر فەرمانڕوایەتی ناڕاستەوخۆی بەریتانیادا بوو، کوردستانیش ببووە شوێنی ململانێی سیاسی و پڕوپاگەندەکانی وڵاتانی شەڕکەر، ئەو ئاڵۆزی و بارگژیە سیاسیانەی هاتبوونە ئاراوە یەکێک بووە لەتایبەتمەندیەکانی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی. لە عێراق و کوردستان

چەند ڕووداوێکی سیاسی گرنگ لەو ماوەیەدا دەبینرێ ،بەشێوەیەک لە زۆربەی ناوچەکان ڕەنگیان دابوویەوە و کاریگەریان دروست کردبوو.هەر ناوچەیەکیش بەپێی گرنگی ڕووداوەکە و پەیوەندی بە ناوچەکە هەلوێستی هەبووە،شاری هەولێریش لەهەمبەر هەر یەکێک لەو ڕووداوە سیاسیانە خاوەن هەلوێست و تایبەتمەندی خۆی هەبووە.

یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی نوێی عێراق بریتیبوو لە بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١، ڕووداوێک بوو ڕەنگدانەوەی بەسەر زۆربەی شارەکانی عێراق وکوردستان هەبوو،هەرچەندە سەرکردەکانی بزوتنەوەکە بە ئاشکرا دژی کورد بوونە، ئەمەش بە پشت بەستن یاداشتەکانی یالح حەیدەری کە دەڵێت" ئێمە قوتابی کورد وێڕای دژایەتی کردنمان بۆ بەریتانیا،ئارەزوو مەند نین بە سەرکەوتنی جوڵانەوەکەی ڕەشید

عالی گەیلانی،لەبەر ئەوەی سەرانی جوڵانەوەکە دوژمانەیەتی و شۆڤێستنیانە بەرامبەر بە کوردەکان نە شاردووتەوە کە یەکێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەکە وتویوتی:(( دوژمن بە دوژمن دەکوژین))" ، ئەگەر ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کورد لە سیاسەتی هیچ کامێک لە سەرانی بەریتانی و حکومەتی عێراق رازی نەبووە،بەڵام لەگەل ئەوەشدا گەلی کورد هەلوێستی ئەرێنی هەبووە لە پشتگیریکرنی ئەو بزوتنەوەیە،ئەوەیش بەهۆی هەلوێستی خراپی ئنگلیزەکان بوو بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

سەبارەت بە هەلوێستی شاری هەولێر سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هاوسۆزی بزوتنەوەکە بووە و بە بەراورد لەگەل شارەکانی دیکەی کوردستان بە پلەی یەکەم دێت و خاوەن تایبەتمەندی خۆی بووە، پشتگیریکردنی شاری هەولێر بۆ ئەو بزوتنەوەیە لە رێگەی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی جەماوەری بووە، کە هەر یەکێک لە

(قوتابیان،ماموستایان،پیاوانی ئاینی، چین و توێژەکانی دیکە) بەشداریان لە خۆپیشاندانەکە کردووە.

شایەنی باسکردنە کە ماموستایان دەورێکی گرنگیان هەبوو لە سەرپەرشتیکرن و رێنوێنی کردنی خۆپیشاندەران لە شارەکە.

یەکێک لەو روناکبیرانەی شاری هەولێر کە دەوری دیاری لە هاندان و وروژاندنی جەماوەری ئەو شارە هەبوو،بەرێوەبەری قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی( شێخ حەسەن نیعمەتوڵلا) بوو،بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەشارەکە هاتبوویە ئاراوە فرۆکەکانی بەریتانی چەند جارێک لە رۆژانی بزوتنەوەکە بارەگای لەشکریان لە شاری هەولێر بۆمباران کردووە،بەڵام لە بارەی رۆژانی بۆمبارانکردنەکە بوچوونی جیاواز هەیە لەلایەن توێژەران کە هەندێک رۆژی ١٤ مایس و هەندێکی تریش ١٦ مایس بە رۆژی بۆمبارانەکە

دادەنێن، بەڵام دەتوانین بلێین بۆمبارانی شاری هەولێر لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانی لەنێوان رۆژی ١٤ و ١٦ مانگی مایس بووە،بەهۆی ئەو بۆمبارانەوە خەلکێکی زۆر بریندار دەبێت و بارودۆخەکە زیاتر تێکدەچێت و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.خۆپیشاندەران بەسەر پەرشتی ماموستا(شێخ حەسەن نیعمەتوڵلا)کە لە وتارێکیدا بۆ خۆپیشاندەران دەڵێت" ئاگرێک بکەنەوە لە ناوەندی لەندەن دیاربێ"دواتر لەگەل چەند ماموستایەکی دیکە هێرش دەکەنە سەر سەرای شارەکە بەتایبەت سەرای موتەسەریف (ێالح زەکی ساحێحقراپ*) و ئۆتۆمبێلەکەی دەسوتێنن.

عیزەددین فەیزی لە بیرەوەریەکانیدا باسی ئەم هەلوێستەی ( شێخ حەسەن نیعمەتوڵلا) کردووە ودەلێت" لەسالی ١٩٣٩-١٩٤٠ لە قوتابخانەی دووەمی هەولێر بە ماموستا دامەزرام.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ماموستا(شێخ حەسەن نیعمەتوڵلا) بوو، پیاوێکی دڵسۆزو چالاک بوو و زۆر رقی لە بەریتانیەکان دەبوویەوە. کە شۆرشی مایس لەسالی ١٩٤١ بەرپابوو لە عێراق، دژ بە ئینگلیز وەستا و دۆستایەتی لەگەل ئەلمان پەیداکرد. شێخ حەسەن هەستێکی کوردایەتی هەبوو،دەیزانی هەر کارەساتێک بەسەر کورد هاتبێ لە رووی بەریتانیاوەیە،لەبەر ئەوەی خۆی بە دۆستی ئەلمان و دژ بە بەریتانیا دا دەنا.چەند خۆپیشاندێکی قوتابیان لەم شارە دا کرا،زۆربەی بە سەرپەرشتی (شێخ حەسەن بوو"،ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر راپەرینی کورد دژی بەریتانیا لە کاتی بزوتنەوەکەی مایسدا.

شاری هەولێر لە گەرمەی ئەو بارودۆخەی هاتبوویە پێشەوە،هەریەک لە (شا فەیسەلی دووەم) و بنەمالەکەی دالدەداوە ، ئەمەش دوای ئەوەی سەرکردەی بزوتنەوەکە پەیوەندی بە( مەلافەندی) کەسایەتی دایار و

کومەڵایەتی شارەکە دەکات ،بەمەبەستی گواستنەوەی شا و بنەماڵەکەی، هەرچەندە خۆپیشاندەران دەیانزانی کە شا و بنەماڵەکەی لەو شارەن،بەڵام بەهۆی ئەو پێگەیەی (مەلافەندی) هەیبوو وازیان لێهێناوە و هیچ هەلوێستێکی توندوتیژیان نەبووە.

دوای دامرکاندنەوە وکۆتایی هینان بە خۆپیشاندانەکە و گەڕانەوەی بارودۆخەکە وهاتنەوەی بەریتانیەکان ،خەلکێکی زۆر لە شاری هەولێر گیراون کە بە دووەم شار لە قەلەم دەدرێت لەرووی ژمارەی گیراوان لە شارەکە.سەبارەت بە ژمارەی گیراوەکان (٤٢) کەس بوونە، ئەمەش بە بەراورد لەگەل شارەکانی دیکەی عێراق زیاترە جگە لە بەغدا نەبێت.

دەکرێت بلێین وروژانی شاری هەولێر لەرۆژانی ڕاپەڕینی مایسی١٩٤١دا چ لە ناو خودی کوردستان وە چ لە سەرانسەری عێراق،کەم هاوتا بووە.

سەرچاوەکان:

١-- سۆران عیزەددین فەیزی،یادی عیزەددین فەیزی،هەولێر،١٩٨٨.

٢-- محمد رمین زکی، مشاهیر الكرد و كردستان، گ (١)،بغداد،١٩٤٨.

٣- کەمال مەزهەر ئەحمەد،چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد،ئا: عبداللّٰه زەنگەنە،چ(١)،ب(٢)،هەولێر،١٩٩٩.

٤- عبدالرزاق الحسنی،الاسرار االخفیه فی حرکه مایس لسنه ١٩٤١ التحرریه، گ (٥)،بیروت، ١٩٨٢.

٥- ێالح حیدری، محتارات من مڒكرات ێالح حیدری، گ(١)، السليمانيه، ٢٠٠٤.

# دیدگای ئەریک فرۆم لە بارەی بەختەوەری

## دوو چاو پێکەوتنە لە دوو کاتی جیاواز

## ١٩٥٨-١٩٧٧

سازان غازی

بەختەوەری ئەو نیشانە یە کە مرۆڤ وەڵامی کێشەی بوونی مرۆڤی دۆزیوەتەوە: بەدیهێنان و بەرهەمهێنان ودۆزینەوەی تواناکانی هە روە ها لە هەمان کاتدا یە کبوون لەلەگەڵ جیهان و پاراستنی نەزاهەی خودی خۆی بە خەرجکردنی وزەی خۆی بە بەرهەمهێن و زیادکردنی دەستەڵات و هێزە کەی ، سوتاندنی بێ ئەوەی بەکار بهێنرێت"، (١٩٤٧) لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی ئەخلاقیە، نیویۆرک (ڕینهارت) ١٩٤٧، ١٨٩ .p.

بەختەوەری دەستکەوتێکە لە ئە نجامی بە رهە می ناوە کی مرۆڤ نە ک دیارییەک لەلایان خوداوە، بەختەوەری تێرکردنی پێویستییەک نییە لە کەموکوڕی فیزیۆلۆجی یان دەروونیەوە بێت،ئارام بونەوە نییە لە سترێسەوە ،بەڵکو هاوەڵە ، هاوەڵێکە لە هەموو چالاکیەکی بەرهەمهێنەر لە هزر و هەست و بە رهە می کاردا! خۆشی و شادی لە کوالێتیدا هیچ جیاوازییەکیان نییە؛ ئەوان تەنیا وەک خۆشی ئاماژە بە یەک کردار دەکەن لە کاتێکدا کە دەکرێت شادمانی ببێتە ئەزموونێکی بەردەوام یان داگیرکردنی بەختەوەری....

پێشکە شکار: بە ختە وەری چییە ؟

فرۆم-:زاراوەی بەختە وە ری لە کەلتوری پەروەردەییماندا،مایەی شانازی کردنە...

پێم وایە ئە بوایە پرسارە کەت بە م جۆرە بێت....

لە ڕۆززگاری ئەمرۆدا مە بە ستی خە ڵک لە بە ختە وە ری چییە ؟

:گە یشتنە بە حا ڵە تێکی بە کاربردنی بێ کۆتایی....

لە و جۆرەی کە هاکسلی لە کتێبی جیهانی نوێی ئازاددا وەسفی دەکات....

پێم وایە ئە گەر لە خە ڵکی بپرسی بەهە شت لای ئێوە مانای چی ئە گە یە نێت؟

ئە گەر ڕاستگۆ بن ، دە ڵێن :با زارێکی گەورەیە هە فتانە هە موو شتێکی تیا

بە رهە م دە هێنرێت وە پارەی پێویست بۆ کڕینی هە موو شتێک ,لە م سەردەمە دا بە ختە وەری لای زۆرینەی خە ڵک پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ وە

دەسکەوتنی زیاترو زیاتر لە هە موو شتێک ....

پێشکە شکار :کە واتە بە ختە وەری ئە بێ چی بێت ؟

فرۆم:ئە بێ شتیک بێت کە بە رهە م نا هێنرێت ، لە کاردانە وەی داهێنەرانەی

ڕاستە قینە ،هۆشیاری و وڵام دانەوە بۆ هەموو شتێک لە ژیاندا ، لە گەڵ مرۆڤ ،لە گەڵ

سروشت،،،،

بە ختە وەری بە مانای نە بونی خە م نایەت، مرۆڤی وەڵامدەرەوە لە ژیاندا هە ندێجار

دڵخۆشە ،هە ندێ جار خەمبار...

گرینگتر لە هەرشتێک ...ئە بێت وەڵام دەرەوە بین....

پێشکە شکار :پێتوایە:لە کۆمەڵگایەک دەژین خە ڵکە کەی نا خۆشحاڵە...

چۆن گە یشتی بەو ئەنجامە؟

فرۆم:حا ڵە تێکی ئاساییە، تەنها چاوت بکە وە دەبینی ...

زۆربەی خەڵک وا نیشان دەدەن بە ختەوەرن ،تە نانەت بە رامبەر خۆشیان،

چونکە ئەگەر وا نەکەن بە شکستخواردوودا ئەنرێن، لە بەر ئەوە ماسکی بەختەوەری دەپۆشن و ئە گەر وا نەکەن ، متمانەی خەڵکی لە دەست دەدەن ئەو کاتەش بە کەسێکی ئاسایی ئە ژمارنا کرێن...

تەنها سەیرێکی خەڵک بکە،، ئە بینی لە پشت ئەو ماسکەوە چ دوو دڵیو کاردادەوەو هەڵچونێک هەیە ،ئەوەی فەرەنسییە کان ناویان ناوە ئەزمە ،ئەزمەی سەدە، ئەوەی فرۆید ناوی نابو سترێسی شارستانییەت، من پێم وایە سترێسی کۆمەڵگای بۆرژوازییە

ئە وەی خە ڵکی کردۆتە ئامێر وای کردووە شتە گرنگە کانییان بیربچێتەوە...وەکو خۆشەویستی و تێفکرین و هاوکاری کەسانیتر،ئامێرێک بۆ خزمەتی ئابووری،بە لام لە کۆتایی دا توشی داڕوخان ئەبن لە چالاکی ئابووریدا،ئە مە وای کردووە خەڵک بەم دۆخەی ئێستا بگات.....

خەیاڵی هاوبەشی خەڵک ئێستا ئە وەیە کە مرۆڤی سەردەمی نوێ مرۆڤێکی بەختەوەرە

ئە مە تەنها قسەی من نییە ، دەتوانی لەناو ڕووبەرێکی فراواندا ئەمە ببینیت....

پێویست بە هیچ ناکات تەنها ئاگاداری خۆتبە و بە ڕوکەش هە ڵمەخە ڵەتێ...

خەڵکی لە ئێستە دا پێیان وایە ڕازینە بێ کێشەن، ئەمە کەمێک سەیرو زیادە ڕۆیشی تێدایە،

بەڵام من بە گرینگییەوە ئەوەدەڵیم:کە سی نەخۆش وای دەر ئەخات کە نیشانەیەکی

دیاریکراو هەیە تا ئێستا نە شاردراوەتەوە ، ئەم نیشانانە نا کەونە ململانێ،

ئازاریش مانای ئەوەیە کە کێشەیەک هەیە،،، مرۆڤی بە بەخت ئەوکەسەیە کە ئەو ئاماژانەی هەیە

بە بەختە چونکە کە هەڵەیەک ڕویدا ئازاری پێدەگات،

ئە گەر هەست بە ئازار نەکەیت دۆ خێکی ترسناک ڕوو دەدات،بەڵام زۆرینەی خەڵکی

گەیشتونەتە دۆخێک خاڵی ببنەوە لە هەموو ئەوەی کە هەیانە، وەک ئامایرۆ ڕۆبۆتیان لێهاتووە

هە ست بە ململانی ناکەن، مانای ئەوەیە خۆ شەویستیو تورەییان تا رادەیەکی زۆر کەپت

کردووە

پێشکەشکار :چی بە هۆکاری ئەمە ئەبینی لە کۆمەڵگادا؟

فرۆم:هۆکارەکان لای من زۆر ڕوونن،کۆمەڵگا لەسەر ئەو پرەنسیپە دەڕوات کەئامانجی ژیان بریتییە لە

زیادکردنی بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەکاربردنیشی،ئەمەیە ئابوری و پێشکەوتنی ئابوری وتەکنە لۆژیا، بۆ ئەم ئامانجە دەژین نەک لەپێناومۆڤ وە ئەوەی لە سودی مرۆڤدایە جێی بایەخ نییە، لەبەر ئەوە بیر لە ئامانجێکی باش ناکرێتەوە،،، ئەوە ڕوونە زۆربەی ڕیکلامەکانیان بانگەشە بۆ شتی زۆر خراپ و زیان بەخش ئەکەن....

ئەگەر هەستی ناسنامەم لەسەر بنەمای ئەو شتە بێت کە هەمە، لەسەر سامانەکانم، ئەگەر بتوانم بڵێم: من ئەو شتەم کە من هەمە، ئەوا پرسیارەکە دروست دەبێت، من چیم، ئەگەر ئەوەی هەمە لەدەستی بدەم. لەبەر ئەوە، هەستی ناسنامە لەسەر بنەمای ئەوەی کە من هەمە هەمیشە هەڕەشە لێکراوە. کەسێک نیگەرانە لەوەی کە ئەوەی هەیەتی لە دەستی نەدات، چونکە لە ڕاستیدا ئەو شتەی هەیەتی لەدەستی نادات، ئەو هەستی خۆی لە دەست دەدات.....

# چەمکی ئازادی لە ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان

محمد فاتح:

نووسینیەوەی مێژوو- یان پێناسەکردن- بۆ هەر چەمکێک لە چەمکە هزرییەکان، بە شێوەیەکی تایبەت و بۆ کۆمەڵناسی بە گشتی، کارێکی دژوار و ئاڵۆزە تاڕادەیەک لە هەموو کلتورەکان، دیارە ئەوەش بەهۆی کاریگەر بوونی ئەو چەمکانە بە بۆچوونە ئاینی و سیاسی و کلتورە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە هەندێ باردا، هەروەها بەهۆی بارودۆخەکانی پەیوەست بەو شوێن و کاتانەی ئەو چەمکەی تێدا پەیدا دەبێت.. بابەتی ئازادییە گشتییەکان بەرهەمی ئێستا نیە، بەڵکو کۆنە لەگەڵ کۆنی مێژووی مرۆڤ و بەشێکیش لەو مێژووە پێکدەهێنێ، هەروەها بەشێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنییدا، بە ئاراستەی هزری و داب و نەریت و بەیاسا ئایینەکانەوە کاریگەر دەبن، بۆیە جیاوازی دەبینین لە تێگەیشتنی زاراوەکە و لەو ڕێ و شوێنانەی کە بەڕێوەیان دەبات، هەروەها ئەو شێوازانەی ڕێکیان دەخات. سەرەڕای ئەو هۆیانەی ئاماژەمان بۆیان کرد لە نووسینەوەی چەمک و پێناسە هزری و کۆمەڵایەتییەکان، بەکارهێنانیشیان لە چەندین بواری زانستیدا، هۆیەکە کە کارەکە ئاڵۆز و دژوار دەکات، هەروەک دیاریشە، فەیلەسوفەکان، کۆمەڵناسان، تیۆرزانانی سیاسەت بەکاریان هێناوە، هەریەکە بەپێی بیروبۆچوونی خۆی و بەشێوەیەکی جیاواز لەویدیکە. ئەو لایەنانە لەسەر یەک پێناسە بۆ ئازادی ڕێکنەکەوتوون، بەشێوەیەکی تایبەتیش بیرمەندانی ڕۆژئاوا، چەمکی ئازادی لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی چەند ڕەهەندێکی فراوان و قوڵتری وەرگرتووە. لای فەلسەفە، خاوەنداری ئازادی بۆ ویستی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو تاك ویستێکی سەربەخۆی هەبوو، یاخود ئەگەر کارەکانی بۆی دیاریکرابوون؟ ئاشکرایە وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرەش پشت بە ڕادەی تێگەیشتن بە سروشتی خودی مرۆڤ دەبەستێتەوە، بەڵکو لەوەش گرنگتر، پشت بە ڕادەی بیرو ئەقڵانییەتی ئەو مرۆڤە دەبەستێت. لای ئابووریناسان و کۆمەڵناسان، چەمکی ئازادی(تاڕادەیەکی دوور) بریتییە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام لێرەدا

پرسیارەکە ئەوەیە: تا چ رادەیەک تاك دەبێتە نوێنەرو بریکاری ئازادی لەو پەیوەندییە کۆمەلایەتیە؟ هەروەها تا چ رادەیەک لە توانایدایە بژاردەکانی خۆی پیادە بکات و دەسکەوتەکانی بەدەست بهێنێ لە میانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە؟ بەلاّم تیۆرسازانی سیاسەت بەپێچەوانەی ئەو ئاراستەیە، ئەوان بەزۆری مامەڵەیان لەگەڵ زاراوەکە وەک دیاردەیەکی ئایدیالیزمی ئاکاری دەبێت، یاخود وەك بنەمایەکی پێوانەیی کە گرنگترین بنەماکانیەتی. ئەوەی جێگای سەرنجدانە زۆرترین ئەو وشە و دروشمانەی بەکارهێنراون لە جیهاندا، لە بواری هزر و سیاسەت، ئەوانەن کە پەیوەستن بە ئازادی و دیموکراسی، باسکردنی ئازادیش لە کلتورەکانی سەردەم زۆرن، بەلاّم زۆربەیان دەکەونە بواری نووسینە سیاسییەکان کە دوو بابەت دەگرێتە خۆیان: یەکەمیان: ئازادی تاك لەبەرهەڵستی و رەخنەگرتن لە دەسەلاّت.

دووەمیان: مافی کۆمەڵ بریاردان دەربارەی- مافی چارەی خۆنووسین- بە ویستی خۆی بە دوور لە فشاری لایەنی دیکە.

**چەمکی ئازادی لە رووی زمانەوە:**

رەوشی زاراوەی ئازادی لە زمانی عەرەبی بە بەراورد لەگەڵ زمانە ئەوروپیەکان لەیەك نزیک دەبن. لە زمانی لاتینی دەبینین، ئازادی (Libertes ) ناوێکە لە خەسڵەتی ئازاد(Liber) وەرگیراوە. بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزی دوو وشە ئەو مانایە هەڵدەگرن، ئەوانیش وشەکانی (freedom) کە خەسڵەتی (free) واتە ئازاد وەرگیراوە، لەگەڵ (Libert) هەردووکیانیش لە فەرهەنگەکان بەکاردەهێنرێن بۆ راڤەکردنی یەکتری. لە زمانی ئەڵمانیش زاراوەی ئازادی (Freiheit) لە خەسڵەتی ئازاد (Frei) وەرگیراوە کە هەموویان ئاماژە بۆ رەوشێکی کۆمەلاّیەتی دەکەن و بە مانای پایەبەرزی دێت. لە زمانی فەرەنسیشدا زاراوەی ئازادی(La Libarte) بەو شێوەیە نووسراوە خەسڵەتەکەشی ئازاد(Libre) بەو جۆرە هاتووە. لە فەرهەنگی عەرەبیدا، فەرهەنگی- لسان العرب- کە دانەرەکەی (ئیبن مەنزور) ە هاتووە ............ واتە کەسی ئازاد دژی کۆیلەیە

# -تێڕامان(چەند لاپەڕەیەکی فەلسەفیی)

بەشی سێیەم و کۆتایی:

-نەهرۆ حەسەن میرزا-

لەم بەشەدا پارادۆکس و جۆر و چەشنەکانی لەگەڵ پاشکۆیەك دەخەمە ڕوو.

-پێشەکی-

من لەوە بێگومانم کە خستنەڕووی ئەم لێکۆڵینەوەیە بناغەدانانی دیسیپلینێکی(بەشێك لە بەشەکانی زانستDiscipline)نوێیە لەزانستی فیزیادا،ئەویش فیزیای پارادۆکسە(Paradox Physics).

ئەگەر چاوێك بە ڕابردووی فیزیادا بخشێنین

دەبینین کەلە دوو بەشی فیزیای کلاسیکیی(Classical Physics)یان میکانیکی کلاسیکیی وە فیزیای نوێ( Modern Physics)

یان میکانیکی کوانتوم( Quantum Mechanics)پێکهاتووە.

دەمەوێ بڵێم کە ئەم ڕووهەڵماڵینەی سروشت

پێویستە بە بەرپرسیارێتییەکی مۆراڵیی بەرزی

مرۆڤدۆستیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت،

وە دەخوازم تێکۆشان بکرێت لەلایەن هێز و

لێهاتوویی هێزریی تەواوی مرۆڤەکان لەبواری

پەیوەندیدار بەم بابەتەوە بۆ بونیادنان و بە

بنەمای زانستیی ناساندنی فیزیای پاراڕدۆکس

وەك بەشێکی نوێی زانستی فیزیا هەروەك چۆن

میکانیکی کلاسیك و میکانیکی کوانتوم بناغەیان

دانراوە ئاواش فیزیای پاراڕدۆکس(Paradox Physics)بناغەی دابنرێ و ببێتە دیسیپلینێکی

بەبرِشت و کارای ناو کایەی زانستی فیزیا

بەتایبەتیی و زانست بە گشتیی.

-ووشەی پاراڕدۆکس واتای چی یە؟

-فیزیای پاراڕدۆکس چی یە؟

-جۆرەکان و چەشنەکانی پاراڕدۆکس چەندن و چین؟

-پاراڕدۆکس(Paradox)ووشەیەکە لە یۆنانی کۆندا واتای دژەبەڵگە بووە،بەڵام لە ئێستادا

بەرفراوانتر بەکاردەهێنرێت و بەواتای دژوازیی

دێت.

-فیزیای پاراڕدۆکس بریتیە لەوەی کە شتێک یان

دەرکەوتەیەك لەگەڵ ئەوەی کە دەرکەوتووە لە

یەکەیەکی کاتدا،بە شێوەیەکی تر دەرکەوێت لە

ماوەیەکی تری کاتدا و بێتە بەر دید و هەست.

گەر یاسایەکی فیزیایی لە ماوەیەکی کاتدا بەجۆرێك دەرکەوێ و لەماوەیەکی تری کاتدا

بەجۆرێکی تر دەرکەوێ ئەوا پاراڕدۆکسی خۆی

دەرخستووە،یا ئەو دەرکەوتانەی کە لە هەمان کاتدا دوو یا چەندین شتن ئەوا پاراڕدۆکسن.

هەروەها فیزیای پاراڕدۆکس بریتیە لە گوزارشت بۆ

بارودۆخی دەرکەوتەیەك کە ناتوانرێ مێژووی

بنەڕەتیی دەستنیشان بکرێت و لە بەردەوامییەکی

ناکۆتا خۆی دەنوێنێ(وەك بەرامبەرکێی کۆتا و ناکۆتا،بوون و نەبوون،...،هتد).

-جۆرەکانی پاراڕدۆکس

١.پاراڕدۆکسی لۆکاڵیی یان خۆجێی( Local (Paradox

ئەم جۆرە پاراڕدۆکسە خۆی لە هەرسێ پرسی

بوون و نەبوون،نەگۆڕی ئەنترۆپۆمۆرفۆوس و

تێپەڕاندنەکەی( Monomorphous&Binarymorphous

)،وە هەردوو پرسی ئازادیی ویست( Free will(و

ناچارەکیی(Determinism)دەبینێتەوە.

بەجۆرێك لە بوون و نەبووندا ئەمە بوونە کە

دەردەکەوێ و دەبێتە دیاردە،بەڵام نەبوون کە

حازرە و شان بەشانی بوون خۆی دەرخستووە

(دیارە ئەویش وەك دیاردەیەکە)بەڵام تایبەتمەندی شوێنی نییە(وەك دەردەکەوێت).

ئایا بوون و نەبوون پەیوەندیدارن و گەر پەیوەندیدارن چۆن؟

مادام بوون و نەبوون دیاردەیەکی سروشتە ئەوا پرۆسێسگەراییە(Processism)،بۆنموونە بوون لە بەنەبوونیدا(لە بەرەو نەبوون

چونیدا یان گواستنەوە لە بوون بۆ نەبوون [بۆنموونە ژیان و مردن])

پرۆسێسێك ئەنجامدەدرێت وە ئەمە مادام پرۆسێسە واتە لێرەدا میکانیکێك(پرۆسێس خۆی واتە میکانیك یان هۆ و هۆکار)بەرقەرارە.

لێرەدا وا دەخوازرێ ئەم پرسیارە بکەین کە ئاخۆ

شتێك یا شتانێك لەم نێوانەدا بەرقەرار و بگۆڕن؟

وەلامەکە بەڵێ یە،واتا شتێك یا شتانێك دەبێ هەبن کە بەرپرس بن لەم دەرکەوتەیە کە پرۆسێسی بوون بەرەو نەبوون ئەنجامدەدەن،ئەم هەبووانەی کە بەرپرسن و هۆکارن لەپرۆسێسی

بوون بەرەو نەبوون وە بە پێچەوانەکەی من ناوم

لێناون

پاراڕدۆکسیترۆن(Paradoxitron)ی

بوون و نەبوون یا ژیان ومردن وە یان بە پێچەوانەوە(مردن و ژیان).

ئەم پاراڕدۆکسیترۆنە هەبوونی بونیادیی ئەگەرییە( Structural Probabilistic Existence)و گەیێنکەی( Synapse or Confluence)بوون بە نەبوونە.

بۆیە گەر بوون هەقیقەت بێت ئەوا نەبوون ڕووێکی تری هەقیقەتە بەڵام پاراڕدۆکسی

یەکترن.

وە بۆیە بوون و نەبوون پاراڕدۆکسی

لۆکاڵین چونکە تایبەتمەندییەکی هەرەلکاوی ئێمەی مرۆڤن(زۆر لێمان نزیکە)وە دوو پاراڕدۆکسەکەی تریش بە هەمان شێوە.

٢.پاراڕدۆکسی دووركار یان نالۆکاڵیی( Teleparadox or Non-local paradox)

دوو پرسی پاراڕدۆکسی نالۆکاڵیی دەخەمەڕوو،

یەکەمیان بریتیەلە پاراڕدۆکسی مەکانیی(Spatial Paradox) وەك بونیادو

بنەڕەت و تێپەڕبوونی بەردەوامییانە،بۆنموونە؛

من لە کوردستانم وە کوردستان لە ئاسیا و ئاسیاش

لە گۆی زەوی و گۆی زەویش لەکۆمەڵەی خۆر و

کۆمەڵەی خۆریش لە مەجەڕڕەی ڕێی شیریی(Milky Way Galaxy)و مەجەڕڕەی ڕێی

شیریش لە هێشووە گالاکسی( Cluster Galaxy)و

هێشووە گالاکسیش لە بەرزە هێشووە گالاکسی(Supercluster Galaxy)و بەرزە هێشووە گالاکسیش لە تۆڕی گەردوونیی(Cosmic Web)و تۆڕی گەردوونیش لەجیهان(Universe)و جیهانیش لە فرە جیهاندا(Multiverse).

ئەوەی لێرەدا جێی سەرەنج و تێبینییە ئەمەیە کە

ئەوەی دوای فرەجیهان لەکوێیە و چییە؟

ئەدی ئەوانەی دواتری وان چین و لە کوێوە هاتوون و بۆکوێ دەڕۆن؟

پێمان خۆش بێ یان نا ئەم شتانە لەناو هێزری ئێمەدا دێت ودەچێ و هەر بەردەوامیی هەیە کە

گوزارشتن لە پاراڕۆکسی دوورەدەست و نالۆکاڵیی.

پرسێکی تری پاراڕۆکسی دوورکار و نالۆکاڵیی بریتیە لە پاراڕۆکسی زەمانیی( Temporal Paradox)،بەجۆرێك گەر ئێمە وا

بڵێین کە بوون سەرەتای هەیە و ئافراوە و هاتۆتە کایەوە،ئەوا هاتنەکایەوە خۆی زنجیرەی ڕێڕەوی

زەمانە(زنجیرەی مێژوو)،وە ئەمەش چونکە هاتۆتە

کایەوە ئەم هاتنەکایەوە خاوەنی(ڕابردوو-ئێستا-داهاتووە)و خودی هاتنە

کایەکەش لە هاتنە کایەوە(زنجیرەی مێژوو)یا ڕەهەندی کات بەدەر نییە،

واتە ئەمیش خاوەنی(ڕابردوو-ئێستا-داهاتووە)و

هەر ئەمەش پاڕادۆکسی زەمانە.

-چەشنەکانی پاڕادۆکس:

١-یەکەپاڕادۆکس(Monoparadox)

بریتیە لەو پاڕادۆکسانەی کە تاك گوزارشتن و سەر

بە(Teleparadox)ن.وەکو؛پاڕادۆکسی مەکانیی(Spatial paradox) و پاڕادۆکسی زەمانیی

(Temporal paradox).

٢-پاڕادۆکسی دووانیی(Binaryparadox)

بریتیە لەو پاڕادۆکسانەی کە دووانە گوزارشتن و

سەربە(Local-paradox)ن.

وەکو؛بوون و نەبوون(Being&Nothingness)،

(Monomorphous&Binarymorphous)و ئازادیی ویست و ناچارەکیی

(Free will&Determinism).

٣-فرەپاڕادۆکس(Multiparadox)

من سەبارەت بەخۆم وای گریمان دەکەم کە ئەم چەشنە پاڕادۆکسە لەم جیهانەی ئێمەدا پێناسەنەکراوە(Undefined)و گوزارشت لە زیاتر لە دوو پاڕادۆکس دەکات و سەربە(Teleparadox)ە.

-پاشکۆ-

یوتۆپیای ڤاکیوم(Vacuum Utopia)

یوتۆپیای بەتاڵیی یان ڤاکیوم ئامرازێکی هێزراندنی فەلسەفیی قووڵە کە تێیدا کاتیگۆریەکان

بەمەبەست هەڵدەوەشێنرێنەوە بۆ هەڵماڵینی

هەقیقەتێکی دیاریکراو و خوازراو.

نموونەیەکی بەکارهێنانی:

١-جیهانێك وێنا بکە بە هیچەوە.

٢-جیهانێك وێنا بکە کە هەموو شتەکانی تێدایە

جگە لە مرۆڤ.

٣-جیهانێك وێنا بکە کە لەگەڵ شتەکان مرۆڤیشی تێدایە.

-لە قۆناغی یەکەمدا کاتیگۆریەکانی بوون هەڵوەشێنراونەتەوە،ئەمە بۆئەوەیە پەی بەوە

بەرین کەبێ کاتیگۆریەکان چ دەگوزەرێ.

-لەقۆناغی دووەمدا کە مرۆڤ نەماوە لەناو کایەی بوون و دیاردەکەی کە سروشتە چ پێشهاتێك ڕوودەدات و سروشت چۆن خۆی

بۆمان دەدویێت،کە ئەوە مولاقاتی سروشت

خۆیەتی بەڕاستەوخۆیی.

-لە قۆناغی سێیەمدا کەهەم بوون بە کاتیگۆریەکانەوە هەم مرۆڤ وەك نوارەر و

ڕوانگەکارێك بەرقەرار و پایەدارن،هەر لێرەدایە

کە دەتوانرێت ڕوومالّی کۆتایی بۆ هەقیقەتی

دیاریکراو ئەنجام بدرێت.